ئامانجمان لە دەرکردنی ئەم بڵاوکراوەیە نوسینەوەی ڕوی ڕاستی ڕوداو و یادنامەکانە، بە مەبەستی سود گەیاندن بە مێژوی دێرینەی گەل و نیشتمانەکەمان، بەڵام بێجگە لە سەروتار، هەر بابەت و نوسین و هەواڵێك، کە بڵاو ئەکرێتەوە، سەرپەرشتیاری ئەم بڵاوکراوەیە لێی بەرپرسیار نییە.

ژمارەی ٤٢ی تشرینی یەکەم ٢٠٢٢ | بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ دەرئەچێ | No.42.November2022

## دۆخی حیزبی کوردی شەرعیەتی کۆنگرەکان

بە گشتی هەرێمی کوردستان لەسەر هەمو ئاستی کۆمەڵە و ڕێکخراو و حیزب تا دەگاتە چوار دەستەڵاتەکە شەرعیەتی مانەوەیان نەماوە ، هەمویان بە کۆمەڵێک بڕیار درێژکراونەتەوە کە ئەم درێژکردنەوەیە هێندە گەورە بوە کە ناکرێ ناو بنرێت هەرێمێکی دیموکراسی ، لە کاتێکدا سەرەکیترین بنەمای دیموکراسی و کۆمەڵگای تەندروست بریتیە لە هەڵبژاردن و دەستاو دەست کردنی دەستەڵات.
حیزبە کوردیەکان لە قۆناغی گواستنەوەدان لە دەستەڵاتی باوکی شۆڕشگێڕەوە بۆ نەوەی یەکەم و خوێنی یەکەم لێرەوە ئەوەی بە هەند وەرناگیرێ ستراتیژی حیزب و پەیڕەوی ناوخۆ و تەشکیلاتی حیزبی ، کە دواجار هەمو ئەمانە کۆبونەتەوە و بونەتە قەیرانی نەمانی متمانەی خەڵک بە حیزب ، خۆ ئەگەر هەڵبژاردنیش لە هەندێ حیزبدا کرا بێ ئەوا تەواو شکڵی بوە ، کە ئەمە متمانەی خەڵکی بە حیزب نەهێشتوە ، کە دەبێت حیزب کار بکات بۆ بەدەست هێنانەوەی متمانەی خەڵک ، گەر وا نەبێ ئەوا لە هەڵبژاردنەکاندا ڕێژەی دەنگدان دادەبەزێ تا ئەو ئاستەی ڕێژەی بەشدار بون لە هەڵبژاردنەکاندا هێندە کەمبێتەوە کە بە پێی ستانداردی جیهانی شەرعیەتی نەمێنێ.

**یادنامە**

### فایەق بێکەس

فیکری سەرکەوتن بەبێ شک، ئەی ڕەفیقان، غیرەتە
فەوز و ئیقباڵ و تەعالی هەر بەسایەی هیممەتە
قەومی کورد ئەمڕۆکە دائیم وا لە حاڵی حەسرەتە
باعیسی فیتنە و فەساد و دوو دڵیی ناو میللەتە
قەومی کورد، شێرانی میللەت! فیکری وەحشەت لا بدەن
وەختی تێکۆشینە ئەمڕۆ، ڕۆژی عیلم و سەنعەتە
میللەتی بێ عیلم و سەنعەت باوەڕت بێ دائما
وا لەژێر پێی ئەجنەبی داناوی هەر بێ قیمەتە
سەیری کە و تێ فیکرە نەختێ چیی بەسەرهات قەومی کورد
سووک و بێ ناو و نیشانە و ژینی دەرد و زیللەتە
گەر بەدڵ بێت و هەوڵ دەین بۆ تەرەققیی قەومی کورد
نائیلی جێگە و حوقووقی خۆی ئەبێ ئەم میللەتە
هەوڵ و تێکۆشین بەتەنها هەر بەدەم کەڵکی نییە
گرمە گرمی هەوری بێ باران نیشانەی زەیقەتە
1925
سلێمانی




ژیاننامەی هاژە بەرزنجی ... ل٢
محەممەد عومەر عوسمان ناسراو بە ژەنەڕاڵی پاییز ... ل٣
ڕاپۆرتێکی ئەمەریکی ... ل٥
یادی ساڵڕۆژی کۆچی دوایی شێخ مەحمودی حەفید ... ل٦
بەسەرکردنەوەی شەهیدان ...ل٨
ڕانانی کتێبی محەمەد ئەرکۆن ... ل٩
سلێمانی ... ل١١
کوردو چارەنوسی کەرکوك .... ل١٥
نۆ مەترسیی گەورە ... ل١٦
شەهید کاکە شەهاب ... ل١٧
بیرەوەری ... ل١٨
تاڵێک لەتیرۆژی بیرەوەریەکانم ... ل١٩
کەرکوک لە مێژوو سەردەمە جیاوازەکاندا ... ل٢١
چراکانی نیشتمان ڕوناکی هەمزە و باڵای خوێنی شەهید ... ل٢٢
مام جەلال بۆ،، سەید جەوهەر ... ل٢٣



## ژیاننامەی
## شاعیرو نووسەرو ڕاگەیاندنکار
# هاژە بەرزنجی

خانمی شاعیرونووسەرو ڕاگەیاندنکار (هاژەبەرزنجی) لەساڵی 1979 لە شارۆچکەی بەرزنجە چاوی بۆ ژیان هەڵێناوەو خوێندنی سەرەتایی و ناوەندیی ، ئامادەیی لە سلێمانی تەواوکردووە
لەساڵی 1996 بەهۆکاری سیاسی و هەڵگیرسانی شەڕی نەگریسی ناوخۆ ، ڕوودەکەنە شاری هەولێرو لەوێ نیشتەجێ دەبن.
هەرلەوێ لەهەمان ساڵدا ، یەکەم شیعر و نووسینی خۆی لە گۆڤاری ( دڵی کوردستان )کە مەکتەبی ڕۆشنبیری لقی 3 ی کەرکوک دەریدەکرد، بڵاودەکاتەوە .
دواترشیعرو بابەتی هەمەجۆری ئەدەبیی لە تێکڕای ڕۆژنامەو گۆڤارەکانی ئەوکات و سەردەمەدا بڵاودەکاتەوە.
هاژە بەرزنجی وەک یەکەم ئافرەت و ژنی کوردو زۆر بە جورئەتەوەو ئازایانە لە ساڵی 2004 دا لە ڕۆژنامەی باسەرە کەلە کەرکوک دەردەچوو ، گۆشەیەکی بەناوی (ماچ) بەڕێوەبرد، حەفتانە بابەتێکی سەردەمیانەی سەرنجڕاکێشی تێدا بڵاودەکردەوە.وەک خۆشی دەڵێت: من لە بەڕێوەبردن و نووسین لە گۆشەی (ماچ) دا خۆم لەناو شیعرونووسیندا دۆزیەوەو بناغەیەکی تۆکمەی توانای خۆمم دارشت، هەرچەندە ئەوگۆشەیە بەو ناوەوە لەوکات و سەردەمەدا بۆمنی (ژن) زۆر قورس و سەخت و دژوار بوو ، بەڵام من شانازیم بە بەڕێوەبردنیەوە دەکردو چاوەترسانە لەناو جیهانی ئەوکاتی توندوتیژیی کۆمەڵگاکەماندا ، بێ ترس و سڵکردنەوە لە نووسین بەردەوام بووم و بەدەیان سوپاس و ڕێزلێنانیشم لەسەر جورئەتی نووسین لەو گۆشەیەدا وەرگرتووە.
خانمی شاعیر ونووسەر لە ساڵی 2005بۆ ماوەی 8 ساڵ پەیامنێری ڕادیۆی دەنگی کوردستان بووەوهاوکات لەگەڵ کاری سەختی پەیامنێریشیدا لە هۆندنەوەی شیعر بەردەوام بووە
خانمی شاعیر کتێبێکی شیعریی ئامادەی چاپە




## ئەم خواردنەوەیە تەمەنت درێژ دەکات
### باسنیوز


بەگوێرەی زانیاری و توێژینەوەکانی پسپۆڕانی بواری خۆراك و دەرمان، یەکێك لەو خواردنەوە گەرمانەی بۆ تەندروستیی مرۆڤ بەسوودە و کاریگەریشی هەیە لەسەر تەندروستی و تەمەندرێژی، چایە.

پسپۆڕانی بەریتانی ئاشکرای دەکەن، خواردنەوەی دوو کووپ چای ڕەش لە ڕۆژدا، کارێکی یەگجار تەندروستە و باشترین و بەسوودترین کۆفیین لەناو چایدا هەیە و دەست دەکەوێت.


جێ یباسە، باشترین کاتی چاخواردنەوە بەدرێژایی ڕۆژە، ئەو کەسانەی کێشەی خەویان هەیە، وا باشترە شەوانە چا نەخۆنەوە.



# محەممەد عومەر عوسمان
# ناسراو بە ژەنەڕاڵی پاییز





-ساڵی ١٩٥٧ لە گەڕەکی دەرگەزێنی شاری سلێمانی لەدایکبووە.
- خوێندنی سەرەتایی و ناوەندی و ئامادەیی لە سلێمانی تەواو کردووە.
-لە تەمەنی لاوییەوە دەستی کردووە بە خوێندنەوەی کتێب و هەر لەو تەمەنەشدا دەستی بە تابلۆکێشان کردووە.
- لە ساڵی ١٩٧٥ دەستی بە نووسین و بڵاوکردنەوەی شیعرەکانی کردووە.
- تابلۆکانی بە شێوەیەکی بەرشوبڵاو بە کەس و شوێنی جیاجیا سپاردوون.
- لە ڕۆژی ٢٢ی تشرینی یەکەمی ٢٠١٩ کۆتایی بە ژیانی خۆی هێناوە.





















# راپۆرتێکی ئەمەریکی:
# ڕەنگە کەمینە نەتەوەییەکان چارەنووسی رژێمی ئێران یەکلایی بکەنەوە

"زەمەن"

ڕەنگە گرنگترین لایەنی ڕاپەڕینی ئێستای ئێران، ئەو ڕۆڵە سەرەکییە بێت کە کەمینە نەتەوەییەکان دەیگێڕن. هێزە ئەمنییەکانیش ژمارەیەکی زۆر لە خۆپیشاندەرانی کەمینەکانیان کردۆتە ئامانج و کوژراون، کوژراوەکان زۆرینەیان لە بەلوچستان و ناوچەی دەریای خەزەر لە باکووری ڕۆژئاوای ئێرانن. هێزە ئەمنییەکان کۆمەڵکوژییەکی ئاشکرایان لە شاری زاهیدان لە نزیک سنووری پاکستان ئەنجامدا کە زۆرینەیەکی بەلوچی تێدا نیشتەجێیە.

بەپێی راپۆرتێک کە ماڵپەڕی فۆرین پۆلسی ئەمریکی بڵاویکردووەتەوە، هێزەکانی رژێم لە ٣٠ی ئەیلولدا لە کاتی تەواوبوونی نوێژی هەینیدا زیاتر لە ٨٠ دانیشتووی زاهیدانیان کوشتووە و پێش ئەوەی تەقە لە نوێژخوێنان بکەن، جلی نەریتی بەلوچییان لەبەردا بووە بۆ ئەوەی نەناسرێنەوە.

مێژووی نارەزایی نەتەوەیی ئێران- بەتایبەتی لە پارێزگا غەیرە فارسییەکان کە لەژێر کۆنترۆڵی تاراندان، ئاگری ئەو دۆخە ناجێگیرە زیاد کردووە، سەرکوتکردنی دڕندانەی ڕێژم لە زاهیدان و شوێنەکانی دیکە ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە رژێم لەم بابەتە ئاگادارە.

سروشتی فرە نەتەوەیی ئێرانیش بەشێکی گرنگی سیاسەتی ئێرانە، شارەزایان و شرۆڤەکارانی رۆژئاوا مەیلیان هەیە لە چاوی نوخبەی فارسەوە سەیری ئێران بکەن، کەمینە نەتەوەییەکانی غەیرە فارس، ئازەری، کورد، عەرەب، تورکمان، بەلووچ و دەیان پێکهاتەی دیکە زیاتر لە نیوەی دانیشتوانی ئێران پێکدەهێنن و ناوچەیەکی بەرفراوانی ئەو وڵاتە کە دەوری تارانیان گرتووە.

زۆربەی ئەو کەمینانە لە پارێزگا سنوورییەکان دەژین و لە وڵاتانی دراوسێ وەک عێراق، ئازەربایجان و پاکستان پەیوەندیی نەتەوەیی هاوبەشیان هەیە. تاران منداڵانی کەمینەکانی بێبەش کردووە لە خوێندن بە زمانی دایکیان، بەڵام تەنانەت لەگەڵئەوەشدا بەپێی داتاکانی حکومەتی ئێران ٤٠%ی هاوڵاتییان بە فارسی قسە ناکەن. میدیای فەرمی و کتێبەکانی قوتابخانە زۆرجار گاڵتە بە کەمینەکانی ئێران دەکەن و دەستەواژەی ڕەگەزپەرستانەیان لە دژ بەکاردەهێنن.

لەگەڵ بەردەوامبوونی چالاکییەکانی دژە ڕژێم، کەمینە نەتەوەییەکان ڕۆڵێکی گرنگتر دەگێڕن. ڕژێم دەزانێت کە زۆرێک لەو فارسانەی کە زاڵن بەسەر ئۆپۆزسیۆنی ئێراندا ڕەنگە ڕقیان لە ڕێژم بێت، بەڵام لەگەڵیشیدا زیاتر ڕقیان لە بیرۆکەی لەدەستدانی کۆنترۆڵی پارێزگاکانە.

تاران لە ئێستاوە لە هەوڵی بانگەوازی هەستی ناسیۆنالیستی فارسدایە بۆ ئەوەی هەوڵی دابەشکردنی ئۆپۆزسیۆن بدات، ئەمەش ئاماژەیە بۆ ئەوەی کە تەنیا حکومەتی ئێستا دەتوانێت کۆنترۆڵی بەسەر پارێزگاکانەوە بهێڵێتەوە.

یاریکردن بە کارتی نەتەوەیی، میدیا و ئەکاونتەکانی سۆشیال میدیا کە پەیوەندییان بە سوپای پاسدارانەوە هەیە، نەخشەی دابەشبوونی ئێرانیان بەسەر پارێزگا نەتەوەییەکاندا بڵاوکردۆتەوە و هۆشداری دەدەنە ئۆپۆزیسیۆنی ناسیۆنالیستی فارس کە ئەگەر ڕژێمەکە بکەوێت، چی ڕوودەدات.

لە ساڵانی ڕابردوودا ڕووبەڕووبوونەوەی کەمینە نەتەوەییەکانی ئێران و ڕژێمی دەسەڵاتدار پەرەی سەندووە. توندوتیژیی دژبەرانە هەیە، ڕژێم کەمینە نەتەوەییەکان دەکاتە ئامانج و بە پێچەوانەشەوە.

شەپۆلی ئێستای نائارامی دژە ڕژێم لەو پارێزگایانەدا ڕوودەدات کە لە دوای چەسپاندنی شۆڕشی ئیسلامی لە سەرەتای هەشتاکانی سەدەی ڕابردووەوە بە دەگمەن شاهیدی خۆپیشاندانی دژە حکومەت بوون.

ئەمەش تەنیا بەلوچستان لەسەر سنووری پاکستان ناگرێتەوە، بەڵکو پارێزگاکانی گیلان، مازەندەران و گۆلستان لە قەزەر دەگرێتەوە، کە کەمینە نەتەوەییەکان لە گیلان، مازەندەران و گوڵستان زۆرینەن.

کەمینە نەتەوەییەکان لە ئێران دەتوانن کاریگەرییەکی بەرچاویان هەبێت لەسەر سەرکەوتنی چالاکیی دژە دەسەڵات چونکە زۆرێک لە گرینگترین شوێنە ستراتیژییەکانی ئێران لەو ناوچانەدا هەڵکەوتوون کە کەمینە نەتەوەییەکان تێیدا نیشتەجێن.







# یادی ساڵڕۆژی کۆچی دوایی شێخ مەحمودی حەفید



ئەم ژیاننامەیە لە سایتی خاک تیڤی وەرگیراوە
شێخ مەحموودی حەفید (1881 - 1956)
دامەزرێنەری یەکەمین حکومەتی کوردستان و قارەمانی شەڕی دەربەندی بازیان، شێخ مەحمودی حەفید کوڕی شێخ سەعیدی کوڕی شێخ محەمەدە بچکۆلەی کوڕی حاجی کاک ئەحمەدی شێخ-ە
ساڵی ١٨٨١ لە شاری سلێمانی لەو بنەماڵە ئاینیە بەناوبانگە لەدایکبووە، کە دوای هەرەسهێنانی میرنشینی بابان دەسەڵاتی ئایینی و کۆمەڵایەتی و سیاسی کوردستانی کەوتە دەست. شێخ مەحمود بەمنداڵی خراوەتە بەر خوێندن و مامۆستایانی وەک (عەبدوڵڵا ئەفەندیو زێوەر) دەرسیان پێوتووە.

هێشتا منداڵ بووە کە لە خزمەتی باوکی دا سەردانی ئەستەنبوڵی کردووەو لەوێ سوڵتان عەبدولحەمیدی دووەم پێشوازی لێکردون.

ساڵی ١٩٠٨ بەپیلانی تاقمی ئیتیحادو تەرەقی لە شاری موسڵ شێخ سەعیدی باوکی و شێخ ئەحمەدی برای شەهیدکران، ئیتر ئەرکی بەڕێوەبردنی کاروباری بنەماڵەکە دەکەوێتە ئەستۆی شێخ مەحمود کە لەو کارەساتەدا زۆر بەزەحمەت رزگاری ببوو. شێخ مەحمودی حەفید وەک شەخسیەتێکی موسڵمان، ساڵی ١٩١٥ بەشدارییەکی کاریگەری کرد لە شەڕەکانی دەوڵەتی عوسمانی دا دژ بەئینگلیز لە ناوچەکانی کوت‌و شوعەیبەو بەخۆیو چەند سەد سوارێکی کوردەوە بەرگرییەکی قارەمانانەیان نواند.

ساڵی ١٩١٨ کاروباری شاری سلێمانی گرتەدەست و لە مانگی مایسی ساڵی ١٩١٩ دا نەبەردێکی گەورەی لە دەربەندی بازیان دژی ئینگلیز تۆمارکرد، لەو شەڕەدا شێخ مەحمود بەبریندار کەوتە دەست ئینگلیزو دواتر لە دادگایەکی کارتۆنی دا حوکمی لەسێدارەدانی درا، بەڵام لەژێر گوشاری رای گشتی دا و لەترسی بەرپابوونی شۆڕشێکی گەورەی کورد، ئەو حوکمە گۆڕا بە (١٠) ساڵ زیندانی و شێخ مەحمودیان دوورخستەوە بۆ هیندستان.




ماوەی سێ ساڵی دوورخستنەوەی شێخ مەحمود بارودۆخی کوردستان و ناوچەکەی ئاڵۆزکرد، بۆیە ساڵی ١٩٢٢ رێیپێدرا بگەڕێتەوە کوردستان و هەر هەمان ساڵ شێخی نەمر لە سلێمانی حکومەتی کوردستانی دامەزراندو هەموو تواناکانی خۆی تەرخانکرد بۆ پتەوکردنی ئەو حکومەتە، بەڵام سیاسەتی ئەو سەردەمەی گەورە هێزەکانی دنیا دژی ئامانجەکانی گەلی کورد بوون و ئینگلیز بەتەواوی پشتگیری لە دەوڵەتی تازە دامەزراوی عێراق دەکردو لەشکرکێشییان دەکردە سەر کوردستان.

شێخ مەحمودی حەفید ماوەی چەند ساڵێک شەڕی پارتیزانی درێژە پێداو دواجار لەئاکامی گەلەکۆمەکێی هێزە ناوچەییەکان و هێزە گەورەکانی جیهان، شێخ مەحمود ساڵی ١٩٢٦ دەستی لە چالاکی سیاسی و عەسکەری هەڵگرت و لەگوندی پیران دانیشت، بەڵام کە راپەرینەکەی خەڵکی شاری سلێمانی لە رۆژی شەشی ئەیلولی ساڵی ١٩٣٠ خەڵتانی خوێن کرا، شێخ مەحمود دەستیدایەوە چالاکی دژ بەهێزی ئینگلیزو هێزی حکومەتی ئەو سەردەمەی عێراق و چەند نەبەردێکی تۆمارکرد، لەوانە شەڕی (ئاوباریک، شەڕی کەناروێ و شەڕی سورداش)، بەڵام پارسەنگی هێزە عەسکەری و سیاسییەکانی ئەو سەردەمە لە بەرژەوەندی کورددا نەبوون، بۆیە شێخ مەحمود لەساڵی ١٩٣١دا کەوتە دەست دوژمنانی کوردو بەدەستبەسەری لە بەغداو ناوچەکانی تری عێراق دا خرایە ژێر چاودێرییەوە. ساڵی ١٩٤١و لەکاتی هەراکەی رەشید عالی گەیلانی دا شێخ مەحمود گەڕایەوە کوردستان و لە گوندی داریکەلی نیشتەجێ بوو. دوا کاتی ژیانی لێ بەسەربرد هەتا کۆچی دوایی کرد.

ستیڤن لۆنگریك" لە پەرتووکەکەی "عێراق لە 1900 - 1950"دا لە بارەی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموودەوە دەڵێ: دەسەڵاتی فەرمانڕەوایی شێخ مەحموود ناوچەکانی هەڵەبجە و سلێمانی تا دەگاتە رەواندزی گرتەوە و ماوەیەکیش کۆیە و ناوچەکەیشی سەر بە میرییەکی شێخ بوون و بە دەیان سەرۆك خێڵی کوردی کەوتنە پاڵی و کوردی بووە زمانی فەرمی میرییەکەی و فەرمانبەری لە کورد بەولاوە کەسی تر نەبوون ، شێخ مەحموود هەستی دەکرد بەریتانیا بە دڵ لەگەڵ کورد نییە و وردە وردە لە پەیمان و بەڵێنەکانی کە بە کوردی دابوون پاشگەز دەبێتەوە ، بۆیە لە رۆژی 21ی مایسی 1919دا سەربەخۆیی دەسەڵاتەکەی راگەیاند و ئینگلیزەکانی لە سلێمانی و ناوچەکانی وەدەرنا و هەندێکیشی بەدیل گرتن.





بەڵام زۆری پێنەچوو ئینگلیزەکان هێزێکی چەکداری گەورە و گرانی خۆیان کۆکردەوە و لە قۆڵی کەرکووکەوە بەرەو سلێمانی هاتن و لە دەربەندی بازیان بە لەشکری خۆ بەختکاری شێخ مەحموود گەیشتن ، بە چەکی نوێ لە کوردیان داو لە ئەنجامدا شێخی نەمر لە پەنا بەردە قارەمان بە برینداری بەدیل گیراو بردرا بۆ بەغدا و دادگای سەربازی فەرمانی لەسێدارەدانی دا ، بەڵام دوایی بیریان لەوە کردەوە گەر شێخ مەحموود بکوژرێ باری کوردستان پتر ئاڵۆز دەبێ و شێخیش دیلەکانی ئینگلیزی نەکوشتوون و هێرشی نەکردووەتە سەر سوپای بەریتانیا ، بەڵکو لە باری بەرگری لەخۆکردندا بووە ، بۆیە بڕیاریاندا فەرمانی سزاکەی سووک بکرێ و دوور خرێتەوە بۆ هیندستان.

لە پاش دوورخستنەوەی شێخ مەحموود لە سلێمانی باری ئاسایشی کوردستان پتر تێکچوو ، بۆیە بەریتانیا بیری لە هێنانەوەی ئەو پاشایەی کوردستان کردەوە بۆ دامرکاندنەوەی ئەو پەشێوییە ، وابوو ئینگلیزەکان لە دوای مانگی ئەیلوولی ساڵی 1922 دا شێخ مەحموودیان هێناوە کوردستان و پێشوازییەکی گەرمی لێکراو ناوی نا پاشای کوردستان و لە مانگی تشرینی دووەمی 1922 دا میرییەکی نوێ ی دامەزراند و میری بەریتانیا و مەلیکی عێراق فەیسەڵی یەکەم دانیان پێدا هێنا.

بەڵام ئەم جارەش بەریتانیا لەگەڵ کورد سەر ڕاست نەبوو ، بە تایبەتی کە پەیمانی سیڤەر پووچەڵکرایەوە و لە شوێنی ئەو پەیمانی لۆزان لە 1923/7/24 دا لەگەڵ تورکیای کەمالی مۆرکرا ، دووبارە لە میرییەکەی شێخ مەحموود دراوە و ماوەیەك پاشا مەحموود چووە چیای سورداش و دوایی گەڕایەوە سلێمانی ، بەڵام لە ساڵی 1924 دا سوپای عێراق بە پشتگیری تانك و تۆپ و فڕۆکەی بەریتانیا سلێمانی داگیر کرد و ئەندامی بەریتانیا خودموختاریشی بۆ کورد ڕەوا نەبینی تەنیا ئەو مافەی دا بە کورد "کە فەرمانبەرەکانی کوردستان کورد بن یان کوردی زان بن و زمانی کوردی بکرێ بە زمانی فەرمی لە ناوچەکەدا" ئەمەیش بە نامەیەکی فەرمی بۆ شێخ مەحموود نارد و تێیدا نووسی لەوە زیاتر چی دیکەتان پێ نادرێ.

دوا ڕاپەڕینی شێخ مەحموود لە دژی میری عێراقی ژێر چاودێری بەریتانیا لە دوای شەڕەکەی بەردەرکی سەرای سلێمانی و کوشتنی دەستەیەك لە خۆپیشاندەران بوو ، کە ئەوساکە لە دیوی کوردستانی ئێران لە (پیران) دادەنیشت ، کە هەواڵی ئەو ڕاپەڕینەی میللەتی زانی ، هاتە دیوی پێنجوێن و ئەو ناوچەیەی ئازاد کرد و پیاوماقوڵی ئەو ناوەی کۆکردەوە و بە هەموویان لەسەر ڕاسپاردەی شێخی نەمر یادداشتێکی توندیان بۆ نوێنەری بەریتانیا لە بەغدا نووسی و داخوازییەکانی گەلی کوردیان تێدا نووسی ، کە بریتی بوون لە مانەی خوارەوە:

1.دامەزراندنی وڵاتێکی کوردی لە زاخۆوە تا پشتی خانەقین و هیچ عەرەبێك نە سەرباز نە سیڤیل لەم شوێنەدا نەمێنێ.

2.ئەم ناوچەیە واتە "کوردستان" لەژێر چاودێری بەریتانیا دابێ تاکو کۆمەڵی ئەقوام (عصبە الامم) بڕیارێکی لەسەر دەدات.

3.بەرەڵاکردنی ئەو کەسانەی بەهۆی (شەڕی بەردەرکی سەرا) وە گیراون و دوورخراونەتەوە بگەڕێنرێنەوە شوێنی خۆیان.

4.هەر ئەفسەر و فەرمانبەرێکی کورد لە وڵاتی عەرەبستاندا هەیە بنێردرێنەوە بۆ کوردستان.

لەگەڵ پێشکەش کردنی ئەم یادداشتە ، دەستەیەك لە ئەفسەرانی کورد لە سوپای عێراق هاتنەدەر و چوونە پاڵ بزووتنەوەکەی شێخی نەمر لەوانە: "مەحموود جەودەت ، حەمید جەودەت ، کامیل حەسەن" هەروەها "ماجید مستەفا"ش خۆی ئامادەکرد بۆ گۆڕەپانی جەنگ لە پێناوی سەرخستنی داخوازییەکانی کورد.


ئەم گەورە پیاوەی کورد جگەلەوەی کە جێپەنجەی بەسەر هەموو ڕووداوەکانی ئەو سەردەمەی کوردستان و عێراقەوە هەیە، شەخسیەتێکی کۆمەڵایەتی گەورەش بوو. خوێندەوارێکی بەسەلیقەو شاعیرێکی بەهرەداریش بوو. پێکهاتەو حکومەت و دەزگا ئیدارییەکانی تری شێخ مەحمود نیشانەی ئەوەن کە ئەم پیاوە هەڵکەوتووە بایەخیداوە بە خەڵکی ڕۆشنبیرو زۆربەی هەرە زۆری ئەفسەرو شاعیرو ڕۆشنبیرانی کورد پەیوەندییان بەشۆڕش و حکومەتەکەیەوە کردووە.

لەخەباتی پارتیزانیش دا ڕۆڵی خوێندەوارو ڕۆشنبیری بەرز نرخاندووە، بۆیە چاپخانەکەی ڕۆژنامەی (بانگی حەق)ی لە ئەشکەوتی جاسەنە دا جێگیرکرد. بەهەڵسەنگاندنی بارودۆخی ئەو سەردەمەی کوردستان و ناوچەکە ئەو ڕاستییە ئاشکرا دەبێت کە لەڕووی ئیداری و عەسکەری و دیپلۆماسییەوە شێخ مەحمودی نەمر هیچی کەمتر نەبووە لەو پاشاو ئەمیرانەی کە لە دەورو پشتی کوردستان دا پشتگیرییان لێکراوە. ئەم شەخسیەتە ناودارەی کورد ڕۆژی ٩ی تشرینی یەکەمی ساڵی ١٩٥٦ لە بەغدا کۆچیدوایی کرد. ڕێورەسمی پێشوازیکردن لە تەرمەکەی و بەخاکسپاردنی ئەو تەرمە پیرۆزە بوونە پریشکی هەڵگیرسانەوەی ڕاپەڕین و خۆپیشاندان لە کوردستان دا. کۆچیدوایی شێخ مەحمودی حەفید زیانێکی گەورەی بەبزووتنەوە ئازادیخوازییەکەی خەڵکی کوردستان گەیاند، بۆیە زۆربەی شاعیران و نووسەرانی کورد شیعرو بەرهەمییان بۆ نووسیوە.

# بەسەرکردنەوەی شەهیدان

ڕوسوورەکانی مێژوو کلاوڕۆژنەی نیشتیمان....
جەلال حاجی جەمیل ناسراو بەهاوڕێ خەبات ، هاوڕێ خەبات لاوێکی خوێن گەرمی دڵ پڕ لەخۆشەویستی و عەشقی نیشتیمان ، هەر لەسەرەتای لاوێتی ئەوین و هەوای نیشتیمان ئەبێتە خولیای ،لەسەرەتای هەڵگیرسانەوەی شۆڕشی نوێ ساڵی ١٩٧٧ پەیوەندی ئەکات بەڕێکخستنەکانی کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردوستانەوە لەچوارتا زۆر چوست و چالاکانە بەشداری خەبات دەکات ، لەناو شاردا و ماوەیەکی کەم دوای ئەوە لەساڵی ١٩٧٨ بۆ ١٩٧٩دەبێتە پێشمەرگەو سەرەتا لە سەرکردایەتی لەدەستەکەی سالار عەزیز لەگەڵ نەمر هاوڕێ جوامێر براخاسی و نەمر هاوڕێ سۆران نۆرکی و شۆڕش قەرەهەنجیری و ڕەشید کەرکوکی هاوڕێ خەبات فەرماندەی مەفرەزەکە دەبێت لەساڵی ١٩٧٩ دا. ، پیاوێکی تێکۆشەرو لەزۆربەی ناوچەکانی نیشتیمان پێشمەرگایەتی کردووە لە ڕۆژهەڵاتی نیشتیمان و قەندیل و دۆڵی جافایەتی و شارباژێری تەخت و سەخت و ئالان و سیوەیل ، بەشداری زۆر لەشەڕەکانی ئەو ناوچانە بووە ، خەبات وەکو بەفراوی قەندیل بەعەشقی خاکی نیشتیمانا داچۆڕابوو ،ببووە هەناسەی خاک و سۆزی نیشتیمان ، بەگەردنی هەموو گمۆیەکەوە ملوانکەی شوین پێ یەکی هەنگاو بوو، لە هەموو پێدەشتێکدا سەوزایی خاک و جۆلانەی پەلکەزێرینەی گریاو بوو ، بۆ هەموو زامێک هەتوان و لەهەموو نیووە شەوێکدا تریفەو ،بۆ هەموو تریفەیەک خەرمانەو بۆ هەموو خەرمانەیەک پاسەوانی ناز بوو ، پێ یەکی لە گەرمە سێرو هەنگاوێکی لەناو بەفراو ، هەناسەیەکی یاخی ناو ئەشکەوتێکی نیشتیمان بوو ، هاوڕێ خەبات سەرەتای پێشمەرگایەتی لەدەزگاکانی سەرکردایەتی و دواجاریش لەتیپی ٣١ بەرزنجەجێگری کەرت بوو، تا ڕاپەڕین درێژەیی بەخەبات داو ،دوای ڕاپەڕینیش بێ ووچان لەخزمەتی نیشتیمان و گەل و خاک و خۆڵی وولاتدا بوو ، بەڵام زۆر بەداخەوە شەڕی خۆکوژی و برا کوژی کردیە خۆراک کاکە خەبات دواجار لە ١٩٩٥/٠٣/٢٠بەدەستی تاوان و بێویژدانی گەشمردە کرا لەناوچەی پێنجوێن ، ڕەوانی پاکی هاوڕێ خەبات شاد و یادو یادەوەری بەخێر ، کاکە خەبات لەدایک بووی ساڵی ١٩٥٧ بووە لە شارۆچکەی چوارتا/ڕزگارەسوور





# موعجیزەی گوڵەبەڕۆژە

بیری نووسینم دەەو خولیایەە لە گەنجیەوە دوو مانگەیزەی دەەم، گوڵەبەڕۆژە لە هەموو شوێنێیاوەری دەێیمەیڵەمم خوێندەوەە خەریەقێتەوە لە چڕی ئەو پەیامانەی لە ئازیزانمەوە پێیان دەگەیشتم، زۆربەی پەیامەێنە و وێنەێشانی چەە گوڵی جوانیان دانابوو و خەندەیەیان خستە سەر ڕووخسارم.

دیوارەی دەوروبەرم بەەزی دیوار داپۆە وێنەی چەە گوڵی جوانی جۆراوجۆری وڵاتانی جیاواز لێرە و لەوێ بڵاوبوونەتەوە، ئەم وێنانە باشترن لە هەموو ئەو نەخشە نێودەوڵەتیانەیە لەلایەن باشترین هونەرمەندانەوەێشراون و داهێنەرانە بوون تێیدا.

لێرەشدا دەبێت باسی ئەێجە نایابانەەە لە دوور و دوورەوە وەرمگرتووە، ناتوانم جوانی سیحراوییگەریەوەیان لەبیەە ڕەری باشترین دەرمانی پزیی دە

دان بەوەدا دەنێە گوڵەبەڕۆژە یەێە لە موعجیزەی خودای گەورە، چۆن ئاواتەخوازم گوڵەبەڕۆژە لە هەموو شوێنێێنم بۆ ئەوەی بەشداریەم لە بڵەوەی خۆشی بۆ هەموو مرۆڤە

گەڕامەوە سەر ژیانی سەرقاڵی و ڕۆتینی خۆم، بەڵام لە هەموو شوێنێەستە گوڵی پلاستییە لە چیە، ڕە بڵێێی تەواوم نییە بۆ ئەوەی ئاگاداری چەە گوڵی سروشتی بم و هەرچەندە ڕاستەقینە نین، بەڵام هێشتا سییگەرییان تێدایە لە هەر شوێنێیت.

هاوڕێیەی و گفتوگۆم لەگەڵدا گۆڕی و پرسیارم لێەربارەی گوڵەبەڕۆژە و ئەوەیە بەبێ داوای مۆڵەت چوونەتە ناو دڵمەوە ،وەڵامەەی بۆ من سادە و بێگەرد بوو: “گوڵەەشێە سروشت و سروشت بەشێە لە غەریزەی ئاشتیخوازانەی مرۆڤ، و هەمووومان ئەم غەریزەیەمان هەیە، بەڵام لێی دوور دەخەینەوە”.



# ڕانانی کتێبی محەمەد ئەرکۆن بەرەو ئیسلامۆلۆژی پراکتیکی
## سیروان حەمەڕەشید

نوسینی: هاشم ساڵح
لەعەرەبییەوە: شوان ئەحمەد
چاپ: دەزگای جەمال عیرفان.. 2017

قەبارەی ئەم کتێبە بریتیە لە(214) لاپەرە و لە(2) پێشەکی ( شوان ئەحمەد) و (جۆرج تەرابشی)و لە(11) بەش پێکهاتووە.


شوان ئەحمەد لە پەرەگرافێکێدا پێشەکیدا دەڵێت: لەراستیدا (محەمەد ئەرکۆن و هاشم ساڵح) بوونەتە دوانەیەک، هەرچی جارێک ناوی (ئەرکۆن) بێت، ناچار ناوی( هاشم سالح)یشی لەگەڵدا تێکەلکێش دەکرێت، ئەمەش بێ هۆ نییە لەبەر ئەوەی ئەرکۆنی عەرەبی بەبێ هاشم ساڵح نەدەبوو، نەک هەر ئەوەندەش بگرە پەراویز بۆ نووسین و بەدواداچوون و شەرحکردنی دنیابینی و شرۆڤەکردنی چەمک و وتەزاکانی نەبوایە لەلایەن( هاشم ساڵح)ەو، تێگەیشتن و هەزمکردنی ئەو شتانەی ئەرکۆن باسی دەکردن گەلێک زەحمەت دەبوون.

هەروەها( جۆرج تەرابشی) لەپێشەکی دووەم و پەرەگرافی کۆتادا سەبارەت بەنوێکردنەوەی فیکر و کەلەپوری عەرەبی دەنوسێت زۆر بەکورتی و پوختی دەتوانم بڵێم:( ئەو پرۆسەی نوێکردنەوەیە خەونی گەورەی محەمەد ئەرکۆن بوو، بەتایبەت نوێکردنەوەی کایەی ئایینی، ئەوەی خواستی گەورەی ئەو بوو ببینێت ئیسلام ڕێگای خۆی بەرەو مۆدێرنە و نوێبوونەوە دۆزیوەتەوە، پێش وابوو تاکە دەرفەتێک لەبەردەمدابێت بۆ ئەوەی ئەو ڕێگایە بدۆزێتەوە ئەوەیە ئیسلام جارێکی دی ڕەهەندە رووحییەکەی بەدەست بنێتەوە، لەبری بەسیاسەتکردنی ئیسلام ، زۆر بەتوندی لایەنگری بەرووحانیکردنی ئیسلام بوو).

لەنەسکی یەکەمدا .. لەسەر محەمەد ئەرکۆن و پرۆژەکەی، نوسەر هێما دەکات دەڵێت: (ئەوە پرۆسەی ئازادکردنی مرۆڤی موسڵمانە، لەهەموو دید و بۆچونێکی هەڵە و دنیابینی غەیبانی و میتۆلۆژی، دنیابینییەک کەهەر لەمنداڵییەوە دەکرێت بەمێشکیدا پێ پەروەردە دەبێت ئەو شتانەی وەها دەخرێنە مێشکییەوە وەک ئەوەی ڕاستی حاشا هەڵنەگربن)، بەڵام دواتر ئەرکۆن دێت بۆ ئەوەی بەرد بەبەرد و دیوار بەدیواری ئەو قەناعەتانە لێک هەڵوەشێنی و پێت دەڵێت: چۆن چۆنی شتەکان ڕوویانداوە.

لەبەشێکی دیکەی کتێبەکەدا نوسەر باسی بیرەوەرییەکانی خۆی لەگەڵ ئەرکۆن دەکات دەڵێت: (داخی گەورەم ئەوەیە قەدەر دەرفەتی پێنج و یان شەش ساڵێکی دیکەی بەمحەمەد ئەرکۆن نەدا، تا ئەو لێکۆڵینەوە گرنگانە تەواو بکات کەلەبارەی کەلەپوری ئیسلامەوە خەریکیان بوو).

لەنەسکی سێیەمدا:
محەمەد ئەرکۆن و ئیسلامۆلۆژی پراکتیکی
یەکەم شت مەبەستی جیاکردنەوەیەتی لەئیسلامۆلۆژی کلاسیکی( واتە خۆرهەڵاتناسی) لەڕاستیدا دەیتوانی میتۆدەکەی ناو بنێت ئیسلامۆلۆژی نوێ، ئەویش بەجیاکردنەوەی لەئیسلامۆلۆژی کۆنی خۆرهەڵاتناسی، بەڵام ئەو تێرمە پراکتیکییەی بەلاوە پەسەندبوو بۆ ئاماژەدان بەناوەرۆکی پراکتیکیانەی میتۆدەکەی کە ئامانجی چارەسەرکردنی ئەو کێشە فعلیانەیە، کە کۆمەڵگای عەرەبی و ئیسلامییەکان بەگشتی گیرۆدەی بوون...
لە بەشی چواردا..
کە وابێ ئیسلامۆلۆژی پراکتیکی پەی بەوە باردۆخە دەبات و بەراورد بە ئەورووپاییەکان، ئەو دواکەوتویە مێژووییەی موسڵمانان بەرێتە ناو سەردەمی مۆدێرنەی فەلسەفی و زانستیەوە، بێ ئەوەی دەستبەرداری ناوەرۆکی کەلەپوری خۆیان بن، یاخود دەستبەرداری بەها ڕۆحی ومۆڕاڵیە باڵاکانی ئیسلام بن...




هەروەها لەبەشی پێنجەمیدا نوسەر لەسەر فەیلەسوفی ئاقاری مرۆگەریی لەئیسلامدا
دەڵێت:" ئەرکۆن بەهیچ شێوەیەک خۆی بەفەیلەسوف دانانێت و تەنانەت جارس دەبوو بەوەی یەکێک ئەو ناوەی لێبنێت، هەمیشە وای بەچاک دەزانی پێ بوترێت لێکۆڵیار..یان بیرمەند.. یان وانەبێژ..

دواتر ئەرکۆن سورە لەسەر ئەوەی بڵێت( ئیسلام بۆ ماوەیەکی زۆرە بەر لەئەووروپا قۆناغێکی هیومانستی و ڕۆشنگەری بەمێژووی خۆیەوە بینیوە) واتە جیهانی ئیسلامی لەسەردەمی مەئمون و موعتەزیلە و تەرجومە گەورەکانەوە تاساتەوەختی ئیبن ڕوشد هیومانیزمی ئەزمونکردووە.

لەبەشی شەشەم تەرخانە بۆ خوێندنەوەی محەمەد ئەرکۆن بۆ هزری ئەقڵانی لەئیسلامدا. دەڵێت:( دواجار دەبێت بڵێین لەنێوان موعتەزیلە و فەیلەسوفاندا پەیوەندی هەیە، هەرچەندە فەیلەسوفان لەبواری ئەقڵ و ئەقڵانییەتدا لەموعتەزیلە پرکێشی زیاتریان کردو و هەنگاوی گەورەتریان نا، دەتوانین بڵێین فەیلەسوفی یەکەمی عەرەب (کندی)، ڕایەڵەی نێوانیانە، وەک دەزانین کندی هاوسەردەمی جاحز بوو و لەساڵی(870) کۆچی دوای کردوە بەدوو شت جیاوازی لەگەڵ فەیلەسوفاندا هەبوە:(یەکەم ڕەتکردنەوەی ئەو تێزەیەی ئەرستۆتالیس کەباس لەکۆنی دنیا دەکات دەڵێت: هەر یەک لە(ئیبن سینا و فارابی ئیبن ڕوشد) و فەیلەسوفەکانی دی بەلانەوە پەسەندبوو، ئەوەش ناکۆکە لەگەڵ لەقورئانی پیرۆزدا کەدەڵێت: خودا جیهانی لەنەبوون هێناوەتە بوون... دووەم بڕوابوونی بەوەی لەڕۆژی دوایدا هەر ڕۆح نابەتەنها، بەڵکو جەستەش زیندوو دەبێتەوە... کەوابێ هەڵوێستی ئەو لەو مەسەلەیە هەمان هەڵوێستی ئیمانداره تەقلیدیەکانی وەک( غەزالی)یە بۆ نموونە، بەڵام لەوەدا لێیان جیادەبێتەوە کەتێگەیشتنی بۆ قورئان پەیڕەوی میتۆدی هێرمنۆتیکی موعتەزیلەکانی کردووە).

لەبەشی حەوتەمیدا تایبەت بەقسەکردن محەمەد ئەرکۆن و شکستی ئەقڵ لەئیسلامدا .
نوسەر ئاماژە شکستی عەقڵ و ئەقڵانییەت دەکات و دەڵێت: کوژرانی ئیبن (موقەفەع) یەکەین هێمابوو بۆ شکستی ئەقڵانییەت لەئیسلامدا سەرباری گرنگ میراتی کەلتوری دێرینی ئێرانی لەدروستکردنی شارەستانییەتی عەرەبی ئیسلامیدا، بەڵام ئەو ڕۆڵەی کەلەپوری یۆنانی لەپرۆسەی کارلێک و ئاوێتەبوونی کەلتوریدا گێڕای گەورەتربوو.. هەروەها نوسەر لەکۆتا پەرەگرافی ئەم بەشەدا هێما بەوە دەکات: ئەشعەری بیرۆکەی(هۆکارییێتی)سڕیەوە، کەسەرچاوەی هەمو زانست و ئەقڵێکە، وەک دەشزانرێت دواتر غەزالی شوێن پێی ئەشعەری هەڵدەگرێت و لەسەر ڕێبازەکەی ئەو دەڕوات، بەمجۆرە پڕۆسەکە بەردەوام بوو تاداخرانی تەواوەتی ڕوویدا و ئەقڵ و ئەقڵانییەت لەزەمینی ئیسلامدا پایەماڵکران.

دێنەسە ڕانانی بەشی هەشتەم تایبەتە محەمەد ئەرکۆن و بزاوتە ئسوڵییەکان.
ئەرکۆن چەندان هۆکاری بنەڕەتی لەتەشەنەسەندنی ڕەوتی ئسۆڵی دەخاتە ڕوو گرنگە خوێنەر مەعریفەی لەسەر ئەو واقیع و زەمینەیە هەبێت کە بوومایەی سەرهەڵدانی بزاوتە ئسوڵییەکان، ئەرکۆن پێوایە:( هۆشیاری ئیسلامی کەهەنوکە لەقەیرانێکی کوشندە و زۆر ترسناکدایە لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ئەوانیدیکەشدا، ناتوانێت قوتاری بێت تەنها بەپراکتیزەکردنی میتۆدی زانستەکان نەبێت)..

بەشی نۆیەم.. لەژێری تایتڵی محەمەد ئەرکۆن و شۆڕشێکی فیکری لەمێژووی ئیسلامدا
دیدگای ئەرکۆن لەسەر شۆرشی فیکری لەمێژووی ئیسلامدا لەم هەلومەرجە تاریک و نوتەکەدا بەدوای چارەسەرێکدا دەگەرێم لەهەموو لێکۆڵینەوە ونوسینەکانمدا لەبەڵگەنەویستەوە دەست پێدەکەم( ئێمە پێویستمان بەئازادی فیکری هەیە، بەجۆرێک لەمێژوودا ڕووی نەدابێت ، ئێمەلەبەردەم دووڕیانێکداین و ڕەنگە چوبینە ناو وێڵگە تاریکەکانەوە و ئاسۆمان لێدیار نەبێت؟ جیهانی ئیسلامیش لەم دۆخە ناهەمواره نایەتەدەرێ، گەر باجێکی قورس و گران نەدات).
بەشی دەیەم تایبەتە بەگفتوگۆ لەسەر بەرەو ڕۆشنگەریەکی نوێ باسی لەچەمکی ڕۆشنگەری دەکات دەڵێت:(ڕۆشنگەری دابڕانێکی ڕادیکاڵانە نییە لەگەڵ ڕبردوودا، بەڵکو فەلسەفەیەکە چەمکگەلێک بەکاردێنت کەپێشتر لەلایەن ئایینەوە بەکار هێنراوە، بەڵام لەلایەکی دیکەشەوە پێدگیری دەکات لەسەر ئەوەی لێرە بەدواوە ئەقڵ خزمەت بەئایین ناکات، بەڵکو قسە و وتەکانی خودا خۆشی دەکاتە بابەتی لێکۆڵینەوەی زانستی و ئەوەش بۆ خۆی پڕۆسەیەکی نوێیە).
محەمەد ئەرکۆن زۆزجەخت لەسەر ئەوە دەکاتەوە دەستنیشانی ئاستەنگەکانی بەردەم وڵاتانی عەرەبی ئیسلامی بکات ولەو چەقبەستویی بیهێنتەدەرێ. دوا وتەمان لەسەر ە خوێندنەوەی ئەم کتێبە و کۆی نوسنەکانی محەمەد ئەرکۆن و هاشم ساڵح و بیریار و ڕەخنەگرانی کەلەپوری ئیسلامی چەند بۆ خوێنەر و ڕەخنەگرانی فیکری ئیسلام و عەقڵی موسڵمان گرنگ بێت، ئەوا گومانی تێدا نییە بارتەقای ئەوە بۆ ملا و بانگخواز و کادری ئیسلامگەرا و ڕۆشنبیرانی ئیسلامی ئێجگار پێویست و بایەخدارترە..



# ئەمریکا بۆ تورکیا: هەرچی زووە ئۆپراسیۆنەکان لە سوریا رابگرە

شارپرێس

نێردەی باڵای ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا هۆشداریی دەداتە تورکیا و دەڵێت "هەرچی زووە تورکیا گرژییەکانی لە ناوچەکە راگرێت و ئۆپراسیۆنەکانی رابگرێت.

ویلایەتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا لە زاری نێردەی باڵای ئەمریکا بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا داوا لە تورکیا دەکات هێرشەکانی بۆ سەر رۆژئاوای کوردستان راگرێت و دەڵێت "ئەوەی تورکیا دەیکات، ڕێگرمان دەبێت لە جەنگ دژی داعش".
دەقی ڕوونکردنەوەکە:
لێدوانێک لە نێردەی باڵای ئەمریکا بۆ باکووری ڕۆژهەڵاتی سوریا
ئەمریکا بە توندی دژایەتی ئەو کردەوە سەربازییانە دەکات کە ناسەقامگیریی بەدواوەیە، داوا دەکەین دەستبەجێ ئەو پەرەسەندنە بوەستێنرێت.
پەرەسەندنی دۆخی سوریا لە چەند رۆژی ڕابردوودا بە شێوەیەکی قبوڵنەکراو مەترسیدارە و مەترسی لەسەر سەلامەتی خەڵکی سڤیل و بەرپرسانی ئەمریکا و هێزە سەربازییەکانی ئەمریکا دروست دەکات.
ئەم کارانە بۆ پێشکەوتنی ئەرکی هاوپەیمانی لە دژی داعش و شەڕی بەردەوامی ئێمە لە دژی داعش مەترسیدارە و دڵنیا نابین لەوەی کە ئەو گرووپە هەرگیز ناتوانێت سەرهەڵبداتەوە.
ئێمە نیگەرانی قووڵ و سەرەخۆشییەکی زۆرمان بۆ لەدەستدانی گیانی مەدەنی کە لە ئەنجامی هێرشەکانی ئەمدواییەی تورکیا ڕوویدا دەردەبڕین.
ئێمە بەردەوام نیگەرانییە جیددییەکانمان بە تورکیا گەیاندووە سەبارەت بە کاریگەرییەکانی ئەو هەڵکشانە لەسەر خەڵکی سڤیل و ئامانجی نەهێشتنی داعش، ئێمە داوامان لە تورکیا کردووە کە ئەو جۆرە ئۆپەراسیۆنانە ئەنجامنەدات.
هەروەک چۆن داوامان لە هاوبەشە سورییەکەمان کرد هێرش نەکەن.



# سلێمانی

## صدیق صالح

سلێمانی، وەکوو شار، ئەوی زانراوە مێژوویەکی زۆر کۆنی نییەو دوادواییەکانی سەدەی هەژدەیەم دامەزراوە؛ ئەگەرچی هەڵکەوتی جوگرافیی ناوچەکەی زیاتر بۆ ئەوەمان دەبات کە بڵێین: دەشێ لە سەردەمێکی کۆنتردا هەر شار بووبێ. لەو ڕووەوە هەر زانیارییەکی "لەین" هەیە، کە لە کتێبی (مەسەلەکانی بابلی)دا نووسیویە: دەبێ شاری (سیلۆنا)ی دێرین لە جێی (سلێمانی)ی ئەمڕۆدا بووبێ. ئەم خاڵە پێویستیی بە بەدواداچوون و ساغکردنەوەی پترە.

کۆنترین مێژووی زانراوی ئەم ناوچەیە ئەوەیە کە بە وڵاتی (زامو) ناسراوەو میللەتی (لۆللۆ)ی تێدا ژیاوەو حوکمی کردووە. ئەمانە هاوزەمانی ئەکەدیەکان بوون، کە سەدەی 27هەمی پ. ز "نرام سین"ی پاشایان پەلاماری لۆللۆی داوەو مەلیك "ساتۆنی"ی پاشایانی شکاندووەو بەسەریدا سەرکەوتووە؛ میلێکی سەرکەوتنی –بەوبۆنەیەوە– لە (دەربەند گاور)ی ناوچەی قەرەداغ بەجێ هێشتووە.

ناوچەکە، لە دەورانی حوکمی ئاشووریدا، کەوتووەتە ژێر دەستی دەوڵەتی ئاشووری و سەدەیەکی بە شەڕوشۆڕو داگیرکاری تێپەڕاندووە. کە ئیمپراتۆریی ماد لە سەردەمی "کەیاخسار"ی سێیەمی پاشادی مادا حوکمی ئاشووریی پێچایەوە، ئیتر بوو بە بەشێك لە قەڵەمڕەوی ماد. دوای ئەوانیش بەرودوا حوکمی دەوڵەتانی هەخامەنشی و ئەشکانی و ئەمجا ساسانیی بەسەردا سەپێنراوە. ئەسکەندەری مەکدۆنی لە سەدەی 4هەمی پ. ز دا دەستی بەسەردا گرت؛ "هێراکلیس" کە سەدەی حەوتەم هێرشی بردە سەر وڵاتی فارس، بەسەر ئەوناوەدا تێپەڕی و وێرانی کرد. بەوپێیە، حوکمی ساسانیی بەسەرەوە مایەوە تا فەتحی ئیسلام دەستی پێکرد.

*   *   *

ناوی جوگرافیی هەرە کۆن و دیاری ئەم ناوچەیە پێش دامەزرانی سلێمانی، (شارەزوور)ە، کە لە سەردەمی ئاشوورییەوە ناوی هەیەو ناوەندی وڵاتی (زاموا) بووە. لێکدانەوەی جیاواز بۆ ڕیشەی ناوی شارەزوور کراوە: لەوانە زووری کوڕی زوحاك دروستی کردووە، یا شاری زۆرو ستەم یا شاری ژووروو، یان –بەپێی شیکردنەوەی ڕەحمەتی تۆفیق وەهبی بەگ– شاری قووڵی نێوان زنجیرە چیاکانە.

هەرچی سەرچاوەکانی ئیسلامیشن، بە ناوچەیەکی فراوانی هەرێمی چیاکان (إقلیم الجبال)یان داناوە، وا کە کەوتووەتە نێوان هەردوو شاری (ئەربیل)و (هەمەدان). ئەوسا شارەزوور پانتاییەکی بەرینی هەبوو؛ سنوورەکانی دەوراندەوری بەم شێوەیە بوون: لە باشوورەوە خانەقین و کەرخ جودان (قەرەغان)، لە باکوورەوە ئازەربایجان، لە ڕۆژاوایشەوە (باجەرمێ)و تووزخورماتوو و داقووقا. بەڵام ئێستا پچووك بووەتەوەو بەشێکی ئەو پانتاییەی پێشوو دەگرێتەوە.

شوێنەوارەکانی (یاسین تەپە)و (بەکراوا)و (نەوێ)و (قورتاس)و هی تر، بەڵگەی ئەوەن کە مرۆڤ هەر لەزووەوە لەم هەرێمەدا ژیاوەو لە هەزارەی چوارەمی پێش زایندا وڵاتی میللەتی –بەتایبەت– لۆللۆ بووە. شارەزوور لە کۆندا شەش شاری گەورەی بە ناوەکانی (نیم از ڕای یا نیم از ڕاه، دوزدان، دەیلەمستان، پیر، ترانشاه،



قیسنان یا قینا)وە تێدا بووە. (نیم از ڕای) لە نیوەی ڕێی نێوان (مەدائین یا تەیسەفوون)ی پایتەختی دەوڵەتی ساسانی و ئاتەشگەدەی (شیز یا تەختی سلێمان)ی باشووری ڕۆژهەڵاتی ورمێ و نزیکی سەقزدا بووە؛ پاشاکانی ساسانی لە تەیسەفوونەوە چوونەتە شیزو بەوێدا ڕەت بوون. ئەو شوێنە، بەپێی بەڵگەی مێژوویی و جوگرافی، زیاتر ڕێی تێدەچێ (خورماڵ) بووبێ.

وڵاتی شارەزوور بەر لە هاتنی ئیسلام، خەڵکەکەی –کەموزۆر– زەردەشتی بوون، دینی مەسیحی بە کەمی لەوناوەدا بڵاو بووە. کاتێك فەتحی ئیسلام دەستی پێکردو هێزەکانی لەشکری ئیسلام (جەلەولاو حولوان و خانەقین و قەسری شیرین و کرماشان)ی داگیر کرد، لە شارەزوور نزیك بوونەوە. ئەمە لە سەردەمی خەلیفە عومەری کوڕی خەتابدا بوو. ساڵی 22ی کۆچی (642ز) هێزێکی ئیسلام بە فەرماندەیی عوتبە کوڕی فەرقەد پەلاماری شارەزووری داو فەتحی کرد.

سەردەمی حوکمی عەباسی، بوو بە بەشێکی ئەو دەوڵەتە. سەدەی 13هەم، مەغۆل ئەم وڵاتەی تێكوپێك دا. ئەمجا کەوتە دەست حکوومەتی جەلایری. "تەیمووری لەنگ"یش لە سەدەی 14هەمدا وێرانی کرد. پاشان لە سەرەتای سەدەی 15هەمدا کەوتە بە قەڵەمڕەوی حکوومەتی کوردیی حەسنەوییە. حوکمی سەلجووقییەکانیشی بەخۆوە دی. دوایی خرایە ناو دەوڵەتی ئەیووبی.

وا مایەوە تا ئەردەڵانەکان لە سەرەتای سەدەی هەشتەمی کۆچی (14هەمی زاین)دا حوکمی ئەو ناوچەیەیان کردو میرنشنیان تێدا دامەزراندو (زەڵم)یان کردە یەکەم پایتەختی میرایەتیی خۆیان.







دەوڵەتی عوسمانی لەساڵی 1561دا دەستی بەسەر ئەم هەرێمەدا گرت و کۆتاییی بە حوکمی ئەردەڵان لە سنووری عوسمانیدا هێنا؛ ویلایەتی شارەزووری لە جێ دامەزراندو (خوماڵ)ی کردە ناوەندی ویلایەت. لە 1568 بەدواوە والیی شارەزوور پەیوەندیی ئیداریی ڕاستەوخۆ بەسترایەوە بە ئەستەمووڵ. لە 1776دا ئیدارەی ویلایەتەکە خرایە چنگی والیی ویلایەتی بەغدا، کە موتەسەللیم یا یاریدەدەرێکی خۆی بۆ دانا بەڕێوەی بەرێ. ساڵی 1832 جارێکی تر لێی جیا کرایەوەو بووەوە بە ویلایەتێکی سەربەخۆ. ساڵی 1837 دیسان خرایەوە سەر ویلایەتی بەغدا. سەرەتای سەدەی 17هەم شاری (کەرکووک) بوو بە ناوەندی ویلایەتی شارەزوور لەبری خورماڵ. لە 1878دا ویلایەتەکە بۆ دواین جار هەڵوەشێنرایەوەو خرایە سەر ویلایەتی مووسڵ کە (کوردستانی جنووبی)ی ئێستا دەگرێتەوە.

* * *



سەرەتای سەدەی 16هەم، بابان وەك بنەماڵەیەکی دەسترۆ سەری هەڵدا، یەکەم بەرەبابیان لە "میرعەبدال" ناوێکەوە پەیدا بوو، حوکمی ناوچەکانی شارباژێڕو کەرکووك و موکریان و بانەو سوڵدوزو لاجانی کردووە. دوایی بوداق خانی کوڕی، پاشان بوداقی کوڕی ڕۆستەم جێی یەکتریان گرتەوە. دووەم بەرەبابی ئەو بنەماڵەیە لە پیرنەزەری کوڕی بەیرامەوە دەستی پێکردووە، لە دووەم نیوەی سەدەی 16هەمدا هاتووەتە سەر کار. ئەمانیش حوکمی ناوچەکانی پێشوو و کفریان کردووە. بەڵام دووبەرەکیی ناوخۆو ململانێی دەوڵەتانی سەفەوی– عوسمانی بوونە مایەی نەمانی. بەرەبابی سێیەم و چوارەم لە (مەرگە)و (پشدەر) سەریان هەڵدا. ئەمانە لە بنچینەدا دەچنەوە سەر شێخ حەیدەری موکری. کاکەمیرو کاکەشێخ لەو بەرەبابەن.





فەقێ ئەحمەدی دارەشمانەی کوڕی کاکەشێخ بە بناغەدانەری پێنجەم بەرەبابی میرانی بابان لەقەڵەم دەدرێ، کە دێی (دارەشمانە)ی ناوچەی پشدەر ناوەندی دەسەڵاتەکەی بوو. باباسلێمان یا سلێمان بەبەی کوڕی فەقێ ئەحمەد، دوای گرتنی ماوەت، پایتەختی میرنشینی بابانی هێنایە (قەڵاچوالان). پاش خۆی، هەشت میر بە ناوەکانی (بەکر بەگ، خانە پاشا، خالید پاشا، سەلیم پاشا، سلێمان پاشا، ئەحمەد پاشا، محەمەد پاشا، مەحموود پاشا)وە بەرودواو لە ماوەی جیاجیادا سەد ساڵ زیاتر حوکمی ئەو میرنشینەیان کرد.



(قەڵاچوالان)ی ئەو سەروەختە، بەپێی زانیاریی هەم "خاڵە عەبدوڵڵا فەرەج"ی پیرەمێردێکی دێیەکە، وەك مامۆستا عەبدوڕڕەقیب یووسف لێی وەرگرتووە، هەم عەبدولعەزیز یامولکی کە ساڵی 1916 بۆ بەسەرکردنەوەی شوێنەوارەکانی بابانۆ بنەماڵەی خەندان دوو ڕۆژی لێ ماوەتەوە، گەورە بووەو لە چەند گەڕەکێك بە ناوەکانی (تەکیەی دەروێشان، دەرگەزێن، قزڵجییان، گردی شێخ حەسەن، بابانەکان، ئالاچاویشی– واتە چاوشی فەوج)ەوە پێك هاتبوو. سەر چەمی قەڵاچوالان پردی هەبوە. حەمام و پێنج مزگەوتی تێدا بوون، لەوانە (مزگەوتی گەورە) ناسراوترینیان بووە، کە مەدرەسەیەکی دینیی هەبوە، باشترین زاناو مەلاکانی سەردەمەکە دەرسیان تێدا وتووەتەوە، وەك مەلا محەمەد وەسیمی مەردۆخی، مەلا مووسا، مەلا عوسمانی مەولانا سەیید مەحموود، شێخ عەبدولصەمەدی بەرزنجی... هتد.

مەحموود پاشای بابان ساڵی 1781 قەڵایەکی، لەودیوی شاخی گۆیژە، لەسەر گردێکی دواتر ناسراو بە (قشڵە) دروست کرد، لەو پانتاییەدا کە ئێستا شاری سلێمانیی لەسەرە. ئەو گردە نزیکی دێی (مەڵکەندی) بوو. سێ ساڵ لەوەبەدواو لە 1784دا ئیبراهیم پاشای بابان شاری (سلێمانی)ی بە دروستکردنی سەرایەکی حوکمداری دامەزراندو کردیە پایتەختی میرنشین. ئیتر لەودەمەوە خانوەکانی قەڵاچوالان هەڵوەشێنران‌و دارو کەرەستەی لەگوێزانەوەهاتوویان بران بۆ دروستکردنی خانووبەرەی سلێمانی.

لەدوای ئیبراهیم پاشای بابانەوە حەوت میر بە ناوەکانی (عوسمان پاشا، عەبدوڕڕەحمان پاشا، خالید پاشا، سلێمان پاشا، مەحموود پاشا، عەبدوڵڵا پاشا، ئەحمەد پاشا)وە بەرودوا 67 ساڵ لە ماوەی پچڕپچڕدا حوکمی میرنشینیان کرد، تا دەوڵەتی عوسمانی لە 1850دا بە تەواوی کۆتاییی بە حوکمی بابان هێناو وڵاتەکە کەوتە بەر نیری حوکمی ڕاستەوخۆی عوسمانی‌و بوو بە لیوایەکی سەر بە ویلایەتی شارەزوور.

لێرەدا دەبێ بوترێ: نائامادەیی‌و ناکامڵی‌و پێکەونەسازانی سەرانی کوردو خەڵکەکە لەلایەکەوە، باڵادەستی‌و پیلان‌و دەست تێوەردانی هەردوو دەوڵەتی عوسمانی‌و سەفەوی لە لایەکی ترەوە، کاریگیان کرد ئەو دەسەڵاتە نەتوانێ بنجبەست ببێ‌و بەرگەی هەڕەشەکانی ناوەوەو دەرەوە بگرێ.

ئەگەرچی مێژووی حوکمی بابان بە دیوێکدا گەلێك نموونەی دزێوی براکوژی‌و خۆخۆری‌و دووبەرەکیی بەردەوامی بۆ تۆمار کردووین، بەڵام سەروەرییەکی مەزنی بابانەکان دروستکردنی شاری سلێمانی‌یە، کە کۆمەڵێك هۆکاری خۆیی‌و بابەتی هەر لە هەووەڵ ڕۆژەوە کردیانە شارێکی وا زیندوو و کاریگەر کە شوێنەوارو تین‌وتاوی بە مێژووی نوێمانەوە دیار بن.

(مزگەوتی گەورە) بەرچاوترین ناوەندی زانستی‌و خوێندەواریی سەردەمەکە بووە لە ناوچەکەدا؛ چاکترین مەلاو زانا دەرسیان تێدا وتووەتەوە، فەقێ لە هەموو شوێنەکانەوە ڕوویان تێ کردووەو لەوێ خوێندوویانەو مشتومڕو گفتوگۆی زانستیی نێوان مامۆستایان‌و فەقێیان ئاسۆی بیرکردنەوەو لێکدانەوەی هەموانی فراوانتر کردووە. مزگەوتەکانی تری شاریش لە وێنەی مزگەوت‌و خانەقای مەولانا خالید، کەم‌وزۆر هەمان دەوریان دیوە.

سلێمانی، بە حوکمی زەمینەسازیەکەی، بوو بە مەیدانی ململانێی نێوان هەردوو تەریقەتی قادری‌و نەقشبەندی، کە شێخ مارفی نۆدێ‌و مەولانا خالیدی نەقشبەندی ڕێبەرایەتییان دەکردن. ڕەخنەو پلارو وتووێژو شەڕەقسەی نێوان ڕێبەران‌و لایەنگرانی هەردوولاو بەشداری تێدا کردنی زانایانی ناوچەکانی تریش، هێندەی تر ئەو کێشەیەی قووڵ کردەوە. هەرچەندە کێشەکە لە ئەنجامدا بە سەرهەڵگرتنی مەولانا بۆ وڵاتی شام بەبێ خوێنڕشتن یەکلایی بووەوە، بەڵام ئەو حاڵ‌وباری ململانێ‌و گفتوگۆو قسەهێنان‌وبردنە کێشایەوە بۆ بناغەدانان بۆ پێکەوەهەڵکردنی بیرکردنەوەو بۆچوونی جیاواز لە شارداو لە مێژووی ئەوەبەدوای شاریشدا ڕەنگی داوەتەوە.



هەر لە سایەی حوکمی بابان‌دا، زمان‌و ئەدەبیاتی کوردی خزمەتێکی شایان کران. دوابەدوای چەند هەوڵێکی کوردی‌نووسیی وەك (تذكرة العوام یا بەیتی ئەووەڵ‌و ئاخر)و (مەهدی‌نامە)و ئەمجا (مەولوودنامە)کەی مەولانا خالید، ئەدەبیات‌و بەتایبەت شیعر لەسەر دەستی هەرسێ کوچکەی قوتابخانەی شیعری بابان (نالی‌و سالم‌و کوردی) گەشەیەکی دیاریان بەخۆوە بینی. کوردی‌نووسین لێرەولەوێ بوو بە نەریتێکی باوی ناو مەلا و خوێندەواری ئەو ڕۆژگارە.

* * *

پاش ئەوەی دەوڵەتی عوسمانی لە چوارچێوەی سیاسەتێکی نوێدا بۆ لەناوبردنی یەك‌بەیەکی میرنشینانی کوردی، میرنشینی بابانی لە 1850دا بە یەکجاری لەناو برد، ئیتر سلێمانی لەوکاتەوە دائیرەکانی حکوومەتی عوسمانیی تێدا دانران‌و بوو بە لیوایەکی سەر بە ویلایەتی شارەزوورو پاشان ویلایەتی مووسڵ. تا 1918 کە کۆتاییی تێدا هێنرا بە حوکمی عوسمانی لە کوردستانی جنووبی، (28) موتەسەڕیف لەو (68) ساڵەدا لیوای سلێمانی‌یان بەڕێوە برد.

میران‌و گەورەکانی بابان برانە (ئەستانە)و وەزیفەی حکوومەتییان لە ویلایەتەکانی عوسماتی درایێ. بێ‌دەسەڵاتبوونی میرانی بابان‌و ئاغایانی هاوکاریان، وەك بۆشاییی‌یەکی کۆمەڵایەتیی لێ کەوتەوە، زەمینەی بۆ دەرکەوتنی توێژی تر خۆش کرد بۆ ڕێبەرایەتیکردنی جووڵانەوەی کۆمەڵایەتی. شێخانی تەریقەت، بەتایبەت هی قادری، دەستڕۆترین توێژی ناوشار بوون ئەو کەلێنە پڕ بکەنەوە. ئەوانە لە ڕۆژگاری بابان‌و عوسمانیدا دەسەڵاتی سیاسی پشتی دەگرتن، بە حوکمی بەهرەمەندبوونیان بە ئیمتیازێکی زۆر، بوونە هێزێکی ئابووریی وا کە هەم کار بکەنە سەر چالاکییە ئابووریەکان، هەم وەك ڕێبەری دینی ژمارەیەکی زۆرتری موریدو پێڕەو لە خۆیان کۆ بکەنەوە.

دوادواییەکانی سەدەی 19هەم قوتابخانەی حکوومەتی لە شاردا کرایەوە، ئەمە دواتر توێژێکی خوێندەواری ناسراو بە (ئەفەندی) یا (مونەووەر)ی پێ گەیاند؛ ساڵی 1869 قوتابخانەی مولکی بە کۆششی سلێمان بەگی قەوواس و یاریدەی ئەحمەد پاشای دواین میری بابان، کە ئەودەمە والیی ویلایەتی ئەرزرۆم بوو، لە سلێمانی کرایەوە. ساڵی 1893یش قوتابخانەی ڕوشدییەی عەسکەریی بە هیممەتی سەعیدی پاشای حسێن پاشای خەندانی ڕۆڵەیەکی شار، کە ئەوکاتە سەرۆکی شوورای دەوڵەتی عوسمانی بوو، لێ کرایەوە. قوتابیانی ئەم قوتابخانەیەی دوایی، پاش تەواوکردنی مەکتەبی حەربییەی ئەستەموول دەبوونە ئەفسەر لە سوپای عوسمانیدا. ئەوانە لەبەر ئەوەی گەلێك وڵاتو ناوچەی ناو دەوڵەتی عوسمانییان دەبینی و تێکەڵی میللەتانی تر دەبوون، زووتر لە هەر توێژێکی تری کوردەواری چاو و هۆشیان کرایەوەو خۆیان ناسی و کوردایەتی لە مێشکیاندا چەسپی؛ دواتریش نەخشێکی بەرچاویان لە ژیانی ڕۆشنبیری و کۆمەڵایەتی و سیاسیی کورددا بینی!

* * *

کۆتاییی سەدەی نۆزدەیەم نارەزایی بەرامبەر بە ئیدارەی سوڵتانی عوسمانی ڕووی لە زیادی کرد. هۆشی نەتەوەیی لەناو دەستبژاردەی میللەتانی عوسمانیدا، بە کوردیشەوە، خەملی و پەیدا بوو. ئەو بەیتە فۆلکلۆرییەی کە پێڕەوانی شێخ عوبەیدوڵڵای نەهری پاش شکستی شۆڕشەکەی لە سلێمانی وتوویانەتەوەو بەشێکی ئەمەیە:

((شێخ عوبەیدوڵلام بە زەلیلی

بردیان بەرەو خوار بە دیلی

بمرم بۆ شێخ عوبەیدوڵلایە...))

دەشێ بەڵگەی بەشداریی لایەنگرانی لەو شۆڕشە نەتەوەیی‌یەدا بێ لە ناوچەی سلێمانی.

شێخ سەعیدی حەفید، لەناو بنەماڵەی شێخاندا، بوو بە پیاوێکی دەسەڵاتداری وا کە بەبێ بڕیارو ڕەزامەندیی ئەو زاتە هیچ لە شاردا نەدەکرا. ڕاگەیاندنی مەشرووتییەتی عوسمانی لە 1908دا، وەك ئازادییەکی هێنایە ئاراوەو –بۆ یەکەمجار لە مێژووی نوێی کورددا– (جەمعییەتی تەعاون و تەرەقیی کورد)ی تێدا پێك هێنرا، کە دوور نییە لقی لە سلێمانیش هەبووبێ، بوو بە مایەی شاربەدەرکردنی شێخ سەعیدو دوورخرانەوەی بۆ مووسڵ بە فیتی نەیارە ئیتیحادیەکانی، دوا جاریش لە پیلانێکدا لەناو برا. ئەم کارەساتە خەڵکی ناوچەکەی خرۆشاند، لەوکاتەیشەوە بووە هۆی درەوشانەوەی ئەستێرەی بەختی شێخ مەحموودی کوڕی کە پاشان بە بڕانەوەی جەنگی گەورە ناوبانگێکی زیاتری پەیدا کردو بوو بە سەرکردەیەکی کەسلەعۆدەنەهاتووی کوردستانی جنووبی.


یەکەم جەنگی جیهانی کە دەوڵەتی عوسمانی بەشداریی تێدا کرد، نەهامەتییەکی زیاتری دوچاری خەڵك کرد؛ لەلایەکەوە پیاوان و لاوانی کورد ڕاپێچی بەرەکانی شەڕ کران، لەلایەکی ترەوە باج و سەرانە سەندنی ملهوڕانەی حکوومەت هێندەی تر باری سەر شانی خەڵکیان قورستر کرد، بەتایبەت کاتێك هێزەکانی ڕووس گەیشتنە سنوورەکانی ڕۆژهەڵاتی سلێمانی. ئەوە بوو شێخ مەحموودی گەورەو هێزی عەشایەر بەرەنگاریان بوونەوەو ڕاوەدوویان نان. کۆتاییی 1916و سەرەتای 1917 گرانییەکی گەورە، بە هۆی بێبارانی و جەنگ و زوڵم و زۆری دەوڵەتەوە، ناوچەکەی گرتەوە. ئەو ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر لە برساندا مردن.

بڕانەوەی جەنگ لە کۆتاییی 1918داو داگیرکرانی ویلایەتەکانی بەسرەو بەغداو مووسڵ، وایان کرد کوردستانی جنووبی بە کردەوە بکەوێتە ژێر دەستی ئینگلیز. ئیتر لەوەدەمەوە قۆناغێکی تازە لە سلێمانی و کوردستانی جنووبیدا دەستی پێ کرد.

پێنجشەممە– 2007/1/7

سەرنج: سوود لە کۆمەڵێك سەرچاوەی جیاجیا وەرگیراوە بۆ ئامادەکردنی ئەم پوختە مێژووەی سلێمانی.





# کوردو چارەنوسی کەرکوک

## ڕەووف محەمەد ئالانی

شاری کەرکوک وەك شارێکی کوردستانی وبەدرێژایی مێژوو، توشی ململانێ بۆتەوە، لەگەڵ دوژمنانی کورد، بەدوو هۆکاری سەرەکی، یەکەم دەوڵەمەندی ئەم شارە بە نەوت وایکردووە، دوژمنانی کورد چاویان لەسەری بێت، تا خێرو بێری ببەن بۆخۆیان، دووەم بەرتەسککردنەوەی خاکی کوردستان و خستنە سەرخاکی نیشتمانی عەرەبی، ئەوەی مایەی شەرمە هیچ کاتێك گەلی کوردو لایەنە سیاسیەکانی باشور، نەبوونە پاڵپشت و هێزێك تا کاربکەن بۆ ئەوەی ئەم شارە بپارێزن، تەنها هەر بە گوتاری سیاسی لە خشتە بردن، بانگەشەیان بۆ کەرکوک کردووە، گوایە کەرکوک دڵی کوردستانە، یان کەرکوک قودسی کوردستانە، زۆری تریش، بەڵام لە ڕاستیدا بەهۆی بێئاگایی و خۆپەرستی و ململانێی ناوخۆیان، ئەو گوتارانەش بیرچوونەوە، دوای پرۆسەی ڕزگاری عێراق لەساڵی 2003 دا، بەهۆی نەبوونی هێزو تێکچون و شپرزەیی دەوڵەتی عێراق، هێزەکوردیەکان شاری کەرکوک و زۆرناوچەی تریان خستە ژێر ڕکیفی خۆیانەوە، ئەوەی جێی سەنج و تێڕامان بوو، دوای ئەوە دەرکەوت ئەو هێزانە بەتەمای چین، تەنانەت پردەکان و ناو شارو کۆڵانەکانیشیان بەشکرد، ئەوە جگە لەو مامەڵە دوورلە مرۆڤانەیەی دەرهەق دانیشتوانی عەرەب و تورکمان و کەمینەکانی تر ئەنجامیاندا، تاوایلێهات، دانیشتوانی شارەکە، بە کوردەکانیشەوە، ئاواتیان ئەخواست ئەو بارودۆخە ناخۆش و سەختە تێپەڕبێت و گۆڕانکاریەك بکرێت، لەدەستی هەردوو حیزب ڕزگاریان بێت، ئەوەبوو لە ساڵی 2017 بەهۆی ئەنجامدانی ڕیفراندۆمێکی بێ پلان و بێ پشت و پەنا، هێزێکی کوردی لە 16ی ئۆکتۆبەری هەمان ساڵدا، بە نەزانانەو پیلانی ناحەزان شارەکەیان دایە دەستی حەشدی شەعبی، لەوکاتەوە کەرکوک وەك شارێکی بێنازی کوردستانی کەوتۆتە بەر نەشتەری بە عەرەبکردن، وەك کاری هەمیشەیی دەوڵەتی عێراق بۆسەر ئەمشارە.

شاری کەرکوک یەکێکە لە کۆنترین شارەکانی عێراق ڕەگ و ڕیشەی مێژوویی دەگەڕێتەوە بۆسەردەمی شارستانی سۆمەری، نزیکەی 40% نەوتی عێراق و 70% گازی سروشتی پێکدەهێنێت.

ئەمشارە لەساڵی 1927 یەکەم بیرە نەوتی باباگوڕگوڕ، نەوتی لێدەرهێنراوە، لەو کاتەوە ئەم شارە بۆتە سەرچاوەیەکی گرنگی ئابوری و بازرگانی هەموو عێراق، جگە لەوە کەرکوک بە گازو گۆگرد دەوڵەمەندە.

ئەوەی کیشەی شاری کەرکوکی گەورەتر کردو خستیە چاڵی قوڵی دەرنەهاتنەوە، لەکاتی نوسینەوەی دەستوری عێراقدا، بەناوچەی جێناکۆك دیاریکرا، کە ئاواتی لەمێژینەی دەسەلاَتدارانی عێراق بووە، کە ئەمشارە، بە یاسا لەهەرێمی کوردستان دابڕن، بە مادەی 57 و دوایی کرا بە مادەی 140 ئەوەی ویستیان ئەنجامیاندا، تائێستا کە پێنج کابینەی حکومەتی فیدراڵی ئاڵوگۆڕکراوە، ئەو مادە دەستوریە، وەك خۆی ماوەو کاری لەسەر نەکراوە، چونکە لایەنە کوردیەکان ئەوەندەی خەمی پۆست و پلەو کورسی و پارەیان هەیەو بەدەستکەوتی دەزانن، کەرکوك و ناوچە جێناکۆکەکان بە گرنگ دانانێن، هەربۆیە ڕۆژ لەدوای ڕۆژ ئەمشارە دانیشتوانی کوردنشینی لێ کەم دەبێتەوەو بۆ ئەوانی تری جێدەهێڵن، لەبەر ئەوەی هیچ کەس و لایەنێك ئامادەی ئەوەی نیە بەرگریان لێبکات.

تەمەنی شاری کەرکوك زیاد لە پێنج هەزار ساڵ دادەنرێت، لەسەردەمی قەڵەمڕەوی عوسمانیدا، ئەمشارەپایتەختی ویلایەتی شارەزووربووە، کە هەموو ناوچەکانی هەرێمی کوردستانی گرتۆتەوە.

دەسەلاَتدارانی هەرێمی کوردستان، هەردوو حیزبی دەسەلاَت، کە بەشداربون لە دامەزراندنەوەی دەوڵەتی عێراقی دوای پرۆسەی ڕزگاری ساڵی 2003 کە ڕژێمی بەعس کۆتایی بەدەسەلاَتەکەی هات .

وەك ئەوە وایە ئاگایان لەمێژوو نەبێت، بۆچی حیزبە عەرەبیەکان بۆچوونی ئەوەیان خستە بەردەمی کورد کە ئەو ناوچانە نەکوردستان بن و نە سەر بە ناوەند بن، بەڵکو ناوچەی جێناکۆك بن، تا بە یاسا حکومەت کاری لەسەر بکات و دانیشتوانەکەیان بگەڕێنەوە و قەرەبوو بکرێنەوە، ئەوشیان نەکرد، چونکە وەك پێویست جەختیان لە جێبەجێکردنی ئەو مادە دەستوریە نەکردەوە.

ئەگەر لەبەرامبەر ئەو خواستەی عەرەبی عێراقی کوردیش داوای بکردایە، هەموو ئەو یاسایانەی لەسەر کەرکوك دەرکراون هەڵبوەشێنرێنەوە، ئەوکات، هەرسێ قەزای چەمچەماڵ و کەلارو کفری دەخرانەوە سەر کەرکوك، لەو کاتەشدا هەموو سەر ژمێری و ڕاپرسیەك لە بەرژەوەندی کورد کۆتایی دەهات، چونکە ساڵی 1975 لە سەردەمی ئەحمەد حەسەن بەکر، کە سەرۆکی دەوڵەتی عێراق بوو، بە پلان و بەرنامەیەکی نەخشە ڕێژکراو هەردوو قەزای چەمچەماڵ و کەلاری خستە سەر پارێزگای سلێمانی، قەزای کفریشی خستە سەر دیالە بەمەبەستی کەمکردنەوەی نفوسی کورد لەکەرکوك.



(( بەپێی فەرمانی ژمارە(608)ساڵی (1975)کە لەبەرواری 6ی 11ی 1975 دەرچووە، پشت بەستن بە بڕگەکانی مادەی پێنجەمی یاسی پارێزگا ژمارە159 ی ساڵی 1969، وەك هەموارکراو، بەپشت بەستن بەو نوسراوانەی کە لەلایەن وەزیری ناوخۆ پێشکەشکراون، ئەمانەی خوارەوەمان پشتڕاست کردەوە:

1- جیاکردنەوەی قەزای دادوەری چەمچەماڵ و کەلار لەپارێزگای کەرکوك و لکاندنیان بە پارێزگای سلێمانی

2- جیاکردنەوەی قەزای کفری لەپارێزگای کەرکوك و لکاندنی بە قایمقامیەتی دیالە ، وەزیری ناوخۆ ئەم فەرمانە جێبەجێ دەکات

لەبەغداد لەدووەم ڕۆژی مانگی زولقەعدەی ساڵی 1395 کەهاوتایە لەگەڵ ڕۆژی شەشەمی تشرینی دووەمی ساڵی 1975 نوسراوە ، ئەحمەد حەسەن ئەلبەکر، سەرۆك کۆمار))

ئەوەی لەسەرەوە ئاماژەم پێداوە، دەقی فەرمانی دوورخستنەوەو لابردنی هەردوو قەزای ( چەمچەماڵ و کەلار)ە بۆسەر سلێمانی و قەزای کفریش بۆسەر پارێزگای دیالە).

کەمتەرخەمی دەسەلاَتدارانی کورد لە نەگەڕانەوەی قەزاکانی (کەلار،کفری، چەمچەماڵ) و دابڕینیان لە کەرکوك، وایکردوە، کورد ببێتە کەمینە و خەونی بەعەرەبکردن و داگیرکردنی ئەو شارە، بۆ ئەبەدی چەسپاوە، چونکە ئەوان بە پلان و بەرنامەی زۆر وورد کاریان بۆ کردووە، لە ساڵی 1975 وە بەلاَم دەسەلاَتدارانی کورد، زۆر خەمساردانە کاریکردووەو نەیتوانی ئەو ئامانجە گەورەیەی کورد دەیان ساڵە خەونی پێوە دەبینێ بەدیبێنێت.

# نۆ مەترسیی گەورە؛ هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکەن

ئەنوەر حسێن (بازگر) شارپرێس



بۆ هەر وڵات و هەرێمێک کۆمەڵێک پێوەر هەن، ئاماژەن بۆ ئارامی و سەقامگیری، وەک (ئاسایش و ئارامیی دەرەکی و ناوخۆیی، نەبوونی دیاردەی تیرۆریزم، کۆنترۆڵی سنوورەکان، ڕێگری لە بازرگانیکردن بە: مادەی هۆشبەر و چەک و شوێنەوار، سپیکردنەوەی پارە، بازرگانی بە جەستەی مرۆڤەکان و منداڵ و ...هتد).

گەر ئەوانە ئاماژە باشەکان بن، ڕێکپێچەوانەی سەرهەڵدان و بوونی ئەم دیاردانە، مانای وایە ئەو دەوڵەت و حکومەت و هەرێمە سەقامگیر و ئارام نییە و مەترسیی لەسەرە. کورتەی مەبەستەکەم ئەوەیە، هەرێمی کوردستان زۆرینەی ئەم دیاردە مەترسیدارانەی هەیە و بەرۆکی گرتووە و مەترسیی جدیی لەسەر دروست کردووە. هەرچەندە گرفتەکە بوونی ئەم مەترسییانە نییە، بەڵکوو هەوڵی جدی و پۆڵاین و پەرۆشانە نادرێت بۆ ڕێگەپێگرتن، سنووردارکردن، ڕووبەڕووبوونەوە و کۆتاییپێهێنانیان. دەکرێت هەندێک لەو مەترسییانە بریتی بن لە:

1.تیرۆر:

تیرۆر وەک مەترسییەکی ئەمنی هەڕەشە لە هەرێمی کوردستان دەکات، سەرچاوەی ئەم هەڕەشە تیرۆریستییانەش لە لایەن داعش، تورکیا و ئێرانەوەیە. تەنها لە ماوەی ساڵانی ڕابردوودا زیاتر لە (50) سەرکردە و کادیری پەکەکە و پەیەدە لە سلێمانی و هەولێر، لە لایەن تورکیاوە تیرۆر کراون، چەندین ئەفسەر و هاوڵاتی لە لایەن داعشەوە تیرۆرکراون و ئەو مەترسییانە تا دێت زۆرتر و زیاتر دەبن، بە تایبەت داعش، کە شانە نووستووەکانی لە هەرێمی کوردستان جێگەی مەترسی و نیگەرانییە و وەک هاووڵاتیی ئاسایی خۆیان حەشار داوە.

2.بازرگانیی مادەی هۆشبەر

ئامارەکان دەڵێن: وڵاتی چیک سنووری تێپەڕبوونی مادەی هۆشبەرە بۆ هەموو ئەورووپای خۆرئاوا، بەڵام ئێستا هەرێمی کوردستانیش لە بەردەم مەترسیی گەورەی ئەم بازرگانییەدایە، لە زۆرینەی شوێنەکانی سلێمانی و هەولێر دەتوانیت مادەی هۆشبەر و دەستبخەیت و خەڵکێکی زۆر و گەنجان بە تایبەتی ئالوودە بوون، لە سنوورەکانی ئێرانەوە بازرگانی پڕدەستکەوتی لێ بەڕێوە دەچێت، باس لەوەش دەکرێت بەشێک لەم مامەڵە خیانەتکارانەیە بە پشتیوانیی بەشێک لە بەرپرسانی هەرێم دەکرێت، کە ئەمەش خۆی لە خۆیدا تاوانە.

3.جاسوسی:

هەردوو وڵاتی ئێران و تورکیا، سەدان جاسوسیان لە ناوچەکانی هەرێمی کوردستان تەراتێن دەکەن، بە تایبەتیش لە شارە سنوورییەکانی نێوان هەردوولا، بە پێدانی پارە و ئیمتیازێکی کەم، بۆ جاسوسیکردن بەسەر ئۆپۆزسیۆنی وڵاتەکانیان لە هەرێم و زۆر جاریش بەسەر خودی حکومەتی هەرێمەوە.

جودا لە بوونی تۆڕی مەترسیداری داعش لە سلێمانی و هەولێر، سەرەڕای چاودێریکردن و دەستگیرکردنیان، بەڵام خزێنراونەتە ناو زۆرینەی گەڕەکەکانەوە و جێگای مەترسیی و تیرۆر و تەقینەوەشن.

4.بازرگانیی شوێنەوار:

لە هەرێمی کوردستان بازرگانیی بە شوێنەواری شوێنە مێژووییەکانی کوردستان و هەڵکۆڵین و بەتاڵانبردنی ئەو شوێنەوارە مێژوویی و دەگمەنانە نەک هەر هەیە و بەربڵاوە، بەڵکوو بۆتە جێگەی مامەڵەی ئەم بازرگانییە ناشەرعی و مەترسیدارە.

5.بازرگانیی چەک

هێنانی دەمانچە، چەکی سووکی جۆراوجۆر، فیشەک و تەقەمەنیی جۆراوجۆر، لە ڕێگی سنوورەکانەوە، بە ناوی هێزی پێشمەرگە و بازرگانیکردن پێوەی لە ناوخۆ و سنوورەکانی دەرەوەی هەرێم و عێراق، مەترسییەکە بۆتە هۆی ئەوەی هەموو کەس چەکی پێبێت و ڕۆژانە خەڵکێکی زۆر ببنە قوربانی. کە ئەم بازرگانییە لە لایەن بەرپرسانی هەرێم و عێراقەوە، لە لایەن بازرگانی جۆراوجۆرەوە دەکرێت، یان لە ڕێگەی منداڵی بەرپرسەکانەوە، چەک و دەمانچە لە بەڕازیل و کرواتیا و پێشتریش لە ئۆکرانیاوە دەهێنرانە ئەم وڵاتەوە و بە نرخێکی خەیاڵی لە هەرێم و عێراق دەفرۆشرێن.

6.سپیکردنەوەی پارە:

یەکێکی تر لە بازرگانییە ناشەرعییەکانی هەرێمی کوردستان، لە لایەن هەندێ کەسایەتی و کۆمپانیای ناوخۆییەوە ئەنجام دەدرێت، یان ئاڵوگۆڕ بەو چەکە بانکییانەی کە پێشتر لە سلێمانی و هەولێر بە شێوەیەکی ناشەرعی مامەڵەیان پێوە دەکرا لە لایەن بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستانەوە بە ڕێککەوتن لەگەڵ بانک و وەزارەتەکان. بەم کارەش دراوی قورس بە شێوەیەکی ناشەرعی لە هەرێمی کوردستان دەچێتە دەرەوە و دراو و ئابووریی کوردستان تووشی داڕمان و داتەپین دەکات.

7.بازرگانیکردن بە جەستەی مرۆڤ و منداڵان:

مامەڵە و بازرگانیکردن بە جەستەی مرۆڤ وەک زۆرێک لە وڵاتانی دونیا، لە هەرێمی کوردستانیش لەڕادەبەدەر ڕەواجی هەیە، بازرگانیکردن بە گورچیلە، گون و بەشەکانی تری جەستەوە، هاوکات بازرگانیکردن بە منداڵانەوە، دیاردەیەکی هێندە مەترسیدارە، کە بە تەواوی شیرازەی کۆمەڵگە دەشێوێنێت. ئێستا خەریکە نەخۆشخانەکانی هەرێم و عێراق کوردستان دەبنە وێستگەی بەیەکگەیاندنی کڕیاران و فرۆشیارانی ئەندامانی جەستە، بەتایبەت گورچیلە و گون و ...هتد.

8.بەزاندنی سنوورەکان:

سنوور و سەرەوەریی وڵات، لای هەر دەوڵەتێک پیرۆزە. بەڵام بەزاندنی سنوورەکانی هەرێمی لە لایەن تورکیا و ئێرانەوە بە بیانووی بۆردومان و هێرشی فڕۆکە بێفڕۆکەوانەکان بۆ سەر پەکەکە، شەنگال، مەخموور، کۆمەڵە و دیموکرات، هیچ پیرۆزییەکی بۆ هەرێمی کوردستان نەهێشتۆتەوە، بووەتە مەترسییەکی گەورە و حکومەتی هەرێم دەستەوەستانە کە ڕەنگە ڕووداوی خراپتریشی لێ بکەوێتەوە. وەک چۆن هەڕەشەی بۆردومانی گەڕەکەکانی شارەکانی سلێمانی و هەولێر دەکرێت بە بیانووی بوونی بنکە و بارەگای ئەو هێزانە.

9.ئەجێندای سایبرێنتی و سۆشیاڵ میدیا:

ئەگەر سنووورە زەمینی و ئاسمانییەکانی هەرێمی کوردستان، گیرۆدەی ئەو هەموو بازرگانییە ناشەرعییە بن، لە هەمان کاتدا مەترسییەکی تریش ئەو هێرش و پیلانگێڕییە بەبەرنامە و ئەجێنداسازییەیە کە لە ڕێگای فەزای سایبرێنتی، کەناڵی میدیایی، سۆشیاڵ میدیایی ناسراو و فەیک، ئاڕاستەکراو لە ناوخۆ و سنوورەکانی دەرەوەی هەرێم، بۆتە هۆی نانەوەی پشێویی سیاسی و کۆمەڵایەتی بۆ تێکدانی بارودۆخی ئەمنی و سیاسی و ئابووری و کەلتووری و فەرهەنگی و میدیایی لە هەرێمی کوردستان، کە زۆرتر لە بازرگانیی مادەی هۆشبەر و چەک و تیرۆر و بازرگانییە ناشەرعییەکانی تر، خۆ دەکات بە گوێی هەموو تاکێکی کۆمەڵگەی کوردستان و هەموو ماڵێکدا و تێریان دەکات لە زانیاریی چەواشەکارانە و نادروست و بێئیتیک و بێ مۆڕاڵ، یاریدەدەریشە بۆ زەمینەخۆشکردن بۆ ئەو بازرگانییە ناشەرعییانە و ئەو مەترسییە ئەمنییانەی کە لەسەرەوە باسم کرد، بۆیە ئەو هێرشە میدیاییە بێ ناسنامەیە، هەر ئێستا کاریگەرییە نێگەتیڤەکانی دەرکەوتووە و زیانی گەورە بە خەڵک و حکومەتی هەرێمی کوردستان دەگەیەنێت.

چەند ناخۆشە مرۆڤ ئەم دێڕانە بنووسێت...! ئەم واقیعە تاڵە چەند سەختە، هەزم بکەیت و لە وڵاتێکدا بژی ئەم هەموو مەترسییە دەورەی دابێت، بەڵام ڕۆژ بە ڕۆژ هەست بە مەترسیی زۆر گەورەتر بکەیت. پێم ناخۆشە شارەکانم، هەرێمەکەم، وڵاتەکەم تووشی ئەم هەموو مەترسییە گەورانە ببێتەوە و ببێتە مەترسیی بۆ سەر هەرێم و ئەزموونی حکومڕانی کوردستان، بەڵام بە داخەوە ناکرێت گومانت هەبێت کە ئەم هەموو بازرگانی و مەترسییانە بەبێ ئاگاداریی بەشێک لە بەرپرسان بەڕێوەبچێت، ئەمەیە مەترسییە گەورەکە.

تکایە فریای هەرێم بکەون، ئێرە "چیک" و "مەکسیک" و "ئۆگەندا" نییە، تەنها بابەتەکە بازرگانیکردن بێت، ئەوەی ئێرە پلانە، بۆ پیلانگێڕییەک دژ بە هەرێمی کوردستان. پلانێکە بۆ لەناوبردنی هەرێمی کوردستان لە ڕێگەی ئەم بازرگانییە ناشەرعییانەوە، کە جگە لە هەرێم، عێراقیشی تێوەگلاوە و بەشێک لە وڵاتانی ناوچەکە و جیهانیش بە دەست ئەم دیاردانەوە دەناڵێنن. بەڵام هەرێمی کوردستان بەرگەی ئەم پیلانگێڕییانە ناگرێت. سەرنجەکانی منیش بۆ ئەوەیە کە هەم حکومەت ڕێکاری پێویست بگرێتە بەر، هەم هاوڵاتیانی کوردستانیش وشیار بن و نەکەونە داوی ئەم پیلانگێڕییانەوە. سەرەڕای ئەوەش دەزانم کە سەدان کەس لە زیندانەکانن بەو تۆمەتانە، بەڵام ئەوانە هەموو کارەکتەرە سەرەکی و کاریگەرەکان نیین.

بۆیە نابێت ئەم وڵاتە بکرێتە قوربانیی چەند بازرگان و بەرپرسێکی بێ مۆڕاڵ و چاوچنۆک.

ئەم وتارە دەربڕی بۆچونی نووسەر خۆیەتی

# شەهید کاکە شەهاب، لە بیرەوەری میراتگرەکانیاندا...

ڕووناک شێخ جەناب          دراومیدیا

ئەوانەی لە ساتی شەهیدبوون و ڕۆژگارە سەختەکاندا بەیاننامەیان لە دژی کاکە شەهاب و هاوڕێکانی دەردەکرد، دوێنێ لە ساڵیادی شەهید بوونیاندا بۆ مەرام و مەبەستی تایبەت، بەبێ ئامادەبوونی کەسوکار و هاوڕێ و هاوسەنگەرە ڕاستەقینەکانی یادی کاکە شەهاب و هاوڕێکانی دەکەنەوە.

لە کۆڕێکدا چەند کەسێك باس لە مێژوویەک دەکەن کارکتەری ناو. ئەو شۆڕشەن ، شەنوکەوی مێژوویەك دەکەن کە خۆیان تێدایە کارەکتەری ناو ئەو شۆڕشەن، بە هەزارانی وەك کاکە شەهاب و هاوڕێکانی گیانی خۆیان بەختکرد و ئەمانیش لە سێبەری ئازایەتی ئەو شەهیدانەدا مێژوو ئاوەژۆ دەکەن و بێئەمەکی خۆیان بە ئازایەتی سەرکردە شەهیدەکان رووپۆش دەکەن.

ئەوان بوون لە ساتی شەهیدبوونی کاکە شەهاب و هاوڕێکانیدا بەیاننامەیان لەسەر کاکە شەهاب و هاوڕێکانی بڵاودەکردەوەو بە ترسنۆك و راکردوو وەسفیان دەکردن لە کاتێکدا شەهید شەهاب و هاوڕێکانی بۆ دیداری هەڤاڵ مام جەلال دەیویست لە ئێرانەوە خۆی بگەیەنێتە سوریا، بەڵام کە هاوسۆزی خەڵکی و ئازایەتی و مەردایەتی کاکە شەهاب و هاوڕێکانیان بینی ئینجا بەیاننامەکەیان کشاندووە.

ئەوانەی ئەمڕۆ بەناوی کۆمەڵەوە پڕۆپاگەندە بۆ سەرکردە دڵسۆز و شەهیدەکان دەکەن و لە بێکەسی کورددا ئێستا خۆیان وەك پاڵەوان نماییش دەکەن، ئەوان نە هاوڕێ و نە جێمتمانەی کاکە شەهاب و هاوڕێکانی بوون، ئەوان هەمان بێوەفاکانی جارانن کە چەندین ساڵ و دوای شەهیدبوونی کەڵەپیاوانی شۆڕش و کۆمەڵە و یەکێتی، بۆ خولەکێکیش بیری شەهید شەهاب و هاوڕێکانیان لە دڵی خۆیاندا بەرز ڕانەگرتووە، ئازایەتی و قوربانیدان و وەفایان لێوەفێرنەبوون، ئێستا خۆیان لێبووە بە پاڵەوانی ڕۆژگاری سەختی خەبات.

ئەو ساتانەی کاکە شەهاب لە ژێر ئەشکەنجەی بەعسدا، خوێن لە جەستە و پەنجەکانی دەچۆڕا و ئامادەنەبوو وشەیەك لەسەر هاوڕێکانی بڵێت، ئەمان سەرقاڵی بەرژەوەندیە کەسیەکانی خۆیان و بوون.

ئەوانەی دوێنێ لەبەردەم شاشەدا خۆیان بە هاوڕێ و نزیکەکانی شەهید کاکە شەهاب دەدایە قەڵەم، ئەوان هەمیشە و لە مێژووی خەبات و تا ئێستاشی لەگەڵدا بێت، بە پێچەوانەی ڕێبازو بیروباوەڕەکانی کاکە شەهاب و هاوڕێکانی ڕۆیشتوون و هیچ وانەو ڕەوشتێکی لێوە فێرنەبوون.

ئەوانە چۆن لەروویان دێت باسی خەباتی کاکە شەهاب و هاوڕێکانی بکەن و خۆیان بخەنە هاوشانی، لەکاتێکدا هەر ئەمانەبوون هیچ نەما بە خەبات و نەبەردیەکانی کاکە شەهاب و هاوڕێ کانیان نەکەن؟

ئێمەی هاوڕێ و دۆست و کەسوکاری شەهید شەهاب، ئەوە دەزانین یادکردنەوەی شەهیدەکان پیشەو ئاکاری مرۆڤە جوامێر و بەوەفاکانە، بەڵام بەهەموو ئەوانە دەڵێن، لە 46 ساڵی ڕابردوودا جوامێریەکمان لە ئێوە نەبینی، یادێکی سەروەرانەمان لە ئێوە نەبینی وەفا و ئاکارێکی پڕ شکۆمان لە ئێوە نەبینی، خێرە ئەمڕۆ لە پێناو چی مەرامێکی شەخسی یادی شەهید شەهاب و هاوڕێکانی دەکەنەوە و خۆتان کردووەتە میراتگری؟ بەشێکی زۆر لە شاهیدی ئەو ڕۆژگارە سەختانە لەژیاندان، هەموو ئەوەیان بیرە کە ئێوە چۆن دەتانویست بۆ مەرامی شەخسی خۆتان مێژووی کاکە شەهاب و هاوڕێکانی بشوێنن و چەندین ڕێگەتان تاقیکردەوە، بەڵام گەلی خەباتگێڕی کورد زۆر لەوە وشیار بوو وە وشیار ترە کە ئێوەی بێوەفا و ناجوامێر، وەك چۆن لە ڕابردوودا نەتانوانی مێژوویان بشێوێنن، ئەمڕۆش ناتوانن بە مێژووی ناجوامێریتانەوە، مێژووی پڕ لە قوربانیدان و جوامێری کاکە شەهاب و هاوڕێکانی بشێوێنن.

درودو بۆ گیانی پاکی کاکە شەهاب و سەرجەم شەهیدانی کۆمەڵە و یەکێتی و کوردستان.

**ڕووناک شێخ جەناب**




خاڵە شەهاب کوڕی شێخ نوری شێخ ساڵح-ە، ساڵی 1932 لە شاری سلێمانی لەدایکبووە، شێخ نوری باوکی شاعیرێکی گەورەی کوردستانە و لەگەڵ عەبدوڵڵا گۆران-دا شیعری نوێیان داهێنا، لە بیستەکانی سەدەی ڕابردوودا سەرنووسەری ڕۆژنامە ڕەسمییەکەی حکومەتی شێخ مەحمود بوو.

شیهاب شێخ نوری ساڵی 1939 چۆتە قوتابخانەی (فەیسەڵی)یە لە سلێمانی و ساڵی 1946 لە کۆلیژی فەیسەڵییە لەبەغدا وەرگیراوە.

لە خۆپیشاندانەکەی ساڵی 1950دا لە بەغدا بەشداریکردووە و بریندار بووە، بەهۆی ئەم برینداریییەوە وازی لەخوێندن هێناوە.

خاڵە شیهاب هەر لەتەمەنی لاوییەوە پەیوەندیکردووە بە ریزەکانی پارتی دیموکراتی کوردستان-ەوە و لەسەر هەڵوێستی سیاسی خۆی چەندین جار زیندانی کراوە و تووشی ئازارو دوورخستنەوە بووە.

خاڵە شەهاب لەناو ریزەکانی پارتی-دا هەوڵیداوە برە و بە بیروڕای سۆسیالیستی بدات و لەم پێناوەشدا ماوەیەک لە بەغدا کتێبخانەیەکی دانا بۆ بڵاوکردنەوەی سەرچاوە زانستییەکانی سۆسیالیست، لە سەرەتای حەفتاکانی سەدەی ڕابردوودا ڕۆڵێکی گەورەی بینی لەدامەزراندنی (کۆمەڵەی ڕەنجدەرانی کوردستان)دا.

دوای هەرەسی شۆڕشی ئەیلول هاوڕێ لەگەڵ ژمارەیەک تێکۆشەری تردا بۆ پەیوەندیکردن بەسەرکردایەتی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان-ەوە، ویستیان لەئێران-ەوە خۆیان بگەیەننە دەرەوەی عێراق تا سەبارەت بەباروودۆخی تازەی کوردستان و ئەرکە ڕێکخراوەیی و سیاسیەکان بیروڕایان لەگەڵدا بگۆڕنەوە، بەڵام دەسەڵاتدارانی ڕژێمی شای ئێران ئەم پۆلە تێکۆشەرەیان دەستگیرکرد و ڕادەستی کاربەدەستانی عێراق.

ئەم سەرکردە گەورەیە ڕۆژی 21-11-1976 و لەگەڵ شەهیدان جەعفەر عەبدولواحید و ئەنوەر زۆرابدا لەسێدارەدران.

**کورد پیدیا**

# بیرەوەری
# ڕاستی ڕووداوەکان
## دەیەم /من سەرکردە نییم ...!!!
## ساڵانی دوای ڕاپەڕین

لە گردی علی ناجی لە ماڵەکەی خۆی دانیشتبوین

کاکە سیروان جەمالی کەشکۆڵی ئەزیز ئاگاداری کردمەوە کە سەیری کەشکۆڵ بکەم، بابەتێک هەیە زۆر جوان و بەهێزە، وا بکەم ئەویش سەیری بکات، ووتم هەوڵەدەم .

کاکە نەوە: نەورۆز ئەوە بۆ نارۆیتەوە بۆ لای ماڵ و منداڵەکەت ، هیچ مەوعیدێکمان نەماوە .

وتم: بەڵی ڕاستدەکەیت، بەڵام دەمەوێت سەیری بەرنامەی کەشکۆڵ بکەم، گەر برۆمەوە تا دەگەمەوە ماڵ تەواو دەبێت ، بە نیازم لێرە سەیری بکەم، بۆ تۆش سەیری ناکەیت.

ئەو زۆر پشتیوانی برادەرانی بەرنامەی کەشکۆڵ بوو، هانی دەدان کە نەترسن و هەموو شتێکی نابەجێ و ناشرین بکەنە کاریکاتێر و باسی بکەن، وتی: خۆ خراپ نییە، دەی باشە پێکەوە سەیری دەکەین.

رۆشت و کە گەرایەوە دوو پەرداخ ویسکی بەدەستەوە بوو، ووتی هەم دەشخۆینەوە و هەم سەیریش دەکەین.

ئەوە دووەم جار بوو کە پێکەوە بخۆینەوە، زۆر جار رێکەوتووە بەڵام رووم نەدەهات لەگەڵی دانیشم، هەردوو جارەکەش لەسەرداوای خۆی بووە، ئەگەرچی رازی نەبووم بەڵام دەیووت ئاساییە و بۆ شەرم دەکەیت، من دەزانم کە دەخۆیتەوە، ناچار بووم و دڵیم نەشکاندا .

بەرنامەکە تەواو بوو.

بووە بابەتی گفتوگۆمان، زۆر شتمان باسکرد کە بەهۆی بەرنامەی کەشکۆلەوە بونە بابەتی گفتوگۆمان .

لە بابەتێکا ووتم: بەرێزتان وەک سەرکردەیەک ... نەیهێشت قسەکەم تەواو بکەم و پرسی: وابزانم لە شاخیش ئەم قسەیەم گوێ لێبووەو گفتوگۆشمان لەسەری کردوە .

وتم: بەڵی ڕاستە.

وتی: پێدەچێت ئەقڵی سیاسی تۆ گەشەی نەکردبێت .. وا دووبارە بە سەرکردە ناوم دەبەیت، من خۆم وا نابینم سەرکردە بم، تۆ چۆن وا دەڵێیت، کەوتینە مناقەشەیەکی قوڵەوە، دەمویست دیدی خۆم لە مەڕ سەرکردەبوونی ئەو بسەلمێنم و ئەو بە پێچەوانەوە دژم دەوەستایەوە، هەردووکمان نمونەمان زۆر باسکرد .

من زیاتر گوێگربووم ... لەبەرئەوەی نەدەکرا لە زۆر بابەتدا زیادەڕۆیی بکەم کە تەواو قسەکان و بابەتەکانی ڕاست بوون، بەڵام دواجار وتم: لەگەڵ ئەوانەشدا هەر سەرکردەیت، گەر ئەمڕۆ خۆت وانازانیت بەڵام لە ئایندەدا دەبێ بزانیت.

ئەو هەر پێدەکەنی و ووتی دیارە هیچ بڕوا بە قسەکانم ناکەیت، ووتم: بڕوام پێتە.. بەڵام من و زۆری کورد وای دەبینن.

وتی: نا وا نییە.

سەرکردە بوون سیفاتی خۆی هەیە و من نەگەشتومەتە ئەوەی کە تەواوی سیفاتەکانم هەبێت، دواجار و دوای گفتوگۆیەکی درێژ ووتم: گەر بە ووتەکانی تۆ بێت کورد سەرکردەی نییە.

بە پێکەنینەوە ووتی: نا وا نییە .. کورد سەرکردەیەکی بەتواناو تەنهای هەیە کە لەهەموو سیفەتەکانەوە تەواو و گەورەیە.

بە مانای سەرکردە بەس ئەوە و کەسی ترمان نییە.

پرسیم کێیە .... وا ئەوەنە بڕوات پێیەتی


ووتی: مام جەلال ... ئەو تاکە سەرکردەی کوردە، کە مێژووی سەلماندویەتی کەسێکی سیاسی و دووربین و لێزان و دبلۆماسی و بەرچاو ڕوون و خەم خۆرە ، کورد تەنها ئەوی هەیە و بەس.

**نەورۆز زرگوێزی**






مانگی تەموزی 1990 پۆلیک پێشمەرگە دابەزین بۆ پیرەمەگرون



# تاڵێک لەتیرۆژی بیرەوەریەکانم

## بیرەوەری

١ - چۆن دکتۆرێک بووم !

کە ئاشبەتاڵ ڕویدا و کوردستان بووە مەیدانی تەراتێنی بەعس ، ڕژێم بۆ پیشاندانی دلسۆزی بۆ کورد و هەڵخەلەتاندنی وڵاتانی دەرەوە ، چەند کارێکی کرد .

دروستکردنی هەندێ بنکە وەک خەستەخانە و قوتانخانە و لە هەندێک شوێن بەشی کشتوکاڵ و ( بەیتەرییە) .

کەم و زۆر دابەش کرابوون بەسەر ناوچەکاندا .

دوای گەشەکردنی شۆڕشی نوێ ، بەتایبەتی دوای هەڵگیرسانی جەنگی تاقەت پروکێنی( ئێران - عێراق ) ڕژێم زۆر ناوچەی چۆڵ کرد و هەندێ ناوچەش بەخوێنی تێکۆشەرانی کورد ڕزگار کراو ڕژێم نەیتوانی جارێکی تر بێتەوە تا کارەساتی ئەنفال .

ڕژێم ئەو بنکە خزمەتگوزاریانەی گواستەوە ژێر دەسەلاتی خۆی ، لەبەر ئەوەی شۆڕش سوودیان لێوەر نەگرێت .

بەم هۆیەوە جۆرێکی تری چالاکی پێشمەرگە زیادی کرد ، کە دەست بەسەر نەخۆشخانەکانی ژێرِ دەسەلاتی ڕژێم بگرن و بیگوێزنەوە بۆ ناوچە ئازادەکان .

کە ئەمەش سودێکی زۆری گەیاند بە شۆڕش و دانیشتوانی ناوچە ئازادەکان ، کە توانرا لە زۆر شوێن خەستەخانەی شۆڕش دابمەزرێت و بە ئامێری پێشکەوتۆوە .

زۆر جار دڵسۆزانی ڕێکخستنەکان ڕێگە نیشاندەر بوون کە چ خەستەخانەیەک باشە بۆ دەستبەسەرگرتنی و گوێزانەوەی بۆ ناوچە ئازادکراوەکان ، کە بەبێ تەقە جێبەجێ دەکرا .

ئەوکات خەستەخانە لاوەکیەکان ، شەوانە تەنها (حەرەسێک) دەمایەوە ، تا توشی لێپرسینەوە نەبێت ، لە ژوورێکدا زیندانیان دەکرا ، تا ڕژێم شک لە یارمەتی ئەوان نەکات و بیانگرن .

بەم هۆیەوە پێشمەرگە دکتۆر و برینپێچەکان دەیانتوانی زیاتر خزمەت بە هێزەکان و جەماوەرەکە بکەن ، کە دواتر دەیان بنکەی گەورە دروست بوون لە مەڵبەندەکان و گەورەترینیان خەستەخانەی سەرەکی لەبەرگەڵوو دروست کرا .

کارمەندانی نەخۆشخانەکانی شۆڕش سەدان نەشتەرگەری گەورەیان بە ئەنجام گەیاندوو سەدان گیانیان ڕزگار کر .

( بەداخەوە ئەو کارە پڕ جوانی و مرۆڤایەتیەیان وەک پێویست بۆ مێژوو تۆمار نەکراوە) .

بەهۆی سەرکێشی هێسترێکی چەمووشی هاربۆو ، کە چەند مانگێک بەس خزمەت دەکراو دابەسترا بوو کە بەفری زۆری باریوی چەند مانگەی ناوزەنگ بووە خێر بۆیی و هەر لە گەورەکەدا دلەوەری هەتا ئاویشی بۆ دەبرایە ژوورەوە .

لەو ماوە زۆرەدا تەنهاعەسرێک کارمان پێێ بوو ،کردمیە فلیم و بوومە قوربانی و قۆڵێکم نایە بانی .

برامە نەخۆشخانە ساواکەی شێنێ و لەوێ وێنەی تیشکیان بۆ گرتم و چەند ڕۆژێک لایان مامەوە ، ئەوکات کاکە( حەمە بەیان ) لەوێ بوو ، بەرێزیان کوری شار و سەرچاریە دێرینەکان و یەکتریمان باش دەناسی و لەبەشی تیشک خزمەتی دەکرد .

بەو هۆیەوە ئاشنایەتیم لەگەڵ برا دڵسۆزەکانی نەخۆشخانە پەیدا کرد کە تا ئەنفال و دواتریش .


ڕۆژگاری گرگرتوی خەبات بەخێرایی گەشەی دەکرد کە خوێن و هیلاکی و دڵسۆزی داینەمۆی بوو .

وتی / تۆ بەردەوام سەردانمان دەکەیت و هەندێ جار پێشمەرگەو جەماوەری بریندار و نەخۆش دەگەیەنیتە لامان ، وەک ( ئامبولانست) لێهاتووە ، بۆ نایەیت هەندێ خزمەت گوزاری سەرەتاییت فێر بکەین ، کە بەسوود دەبێت بۆ بریندار و نەخۆشەکان تا دەگەنە لامان .

سەرەتا گاڵتەم بە تواناکانی خۆم دەهات لەو بوارەدا ، بەڵام بە دلسۆزی و هاندانی ئەوان ، گەشتمە ئەو بڕوایەیی کە ڕاست دەکەن ، هەر نەبێت دەتوانم خزمەتێکی بچووک بکەم و ئازارێک یان ژیانێک ڕزگار بکەم .

کە گەڕامەوە (کوروان) لە ئاوەڕۆێ بە کاک نەوشیروانم وت ، ئەو پێێ باش بوو ، بڕیارم دا هەوڵ بدەم و شتێک فێر بم کە بەهۆیەوە خزمەتێک بە گەلەکەم بکەم .

سەرەتا وتیان دەبێ بێیتە لامان و گوێ بگریت و دواتر فێری دەرزی لێدان و تیمار کردن و برین پێچان و هەناسەی دەستکرد ببیت .




ئەوان ڕۆژانە لە خەستەخانەکەی( مەرگە) خزمەتیان دەکرد ، باڵەخانەیەکی بچووک بوو ، بەڵام جێگەکەی باشی هە بوو ، بەڵام ڕۆژانەقەرەباڵغیەکی زۆری تێدا بوو .

دکتۆر ئاکۆ لە بەشی دەرزیو برینپێچی بوو .

بە قسە و وێنە کێشان فێری کردم کە چۆن و لە کوێ دەرزی دەدرێت ، چۆن دەتوانی دەرزیەکان بەکار بهێنییت .

ماوەی چەند ڕۆژێک بەس سەیرم دەکرد ، ئەوکات دکتۆر (ڕۆبی سپێ) نەبوو تا بناسرێتەوە ، بە جلی پێشمەرگانەوە خزمەت دەکرا .

وتی ئەوە چەند ڕۆژە فێرت دەکەم ، دەبێ ئەمرۆ دەرزی لێبدەیت ، ئەمە وتەی د ئاکۆ بوو .

بەڕاستی من ئامادە نەبووم ، بەلام دەبوو تاقی بکەمەوە ، ئەوەم قبوڵ کرد بەمەرجێ لەژێر ئاگاداری ئەودا ، چونکە دەمزانی دەرزیەکی هەڵە دەتوانێ گیانێک لەناو بەرێت .

د ئاکۆ وتی دەی وا دەکەم خۆ نایەڵم خۆت نەزانانە دەرزی بوەشێنیت .

بڕیار بوو نەخۆشی ئایندە من دەرزی بۆ بکەم .

کە هاتنە ژوورەوە ژنێک و منداڵێک بوون ، دەرزیەکە بۆ منداڵەکە بوو .

جا ئێمەی کورد و ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستی لە نەزانینمانەوە منداڵمان بە شەو لە بان و دەرزی و دکتۆر و جنۆکە و شەیاتن ودێوەکە ترساندووە ، کە تا ئێستەش ڕەنگدانەوەی لەسەر نەوەکانی ئێمە هەیە .

منداڵی ترسێنراو ، وەک منداڵی خۆم ، بە ڕاست و چەپا دەجوڵاو هاواری دەکرد ، دوای ئەوەی دەیزانی دەرزی لێدەدرێت ، ئیتر بە دایکی و من و دکتۆر ئامادەمان کرد .

د ئاکۆ وتی / سەیر کە بزانە کوێی و چۆن دەرزی لێدەدرێت ، کە پێشتر بۆی باس کردبووم .


د . ئاکۆ دەستی چەپی بردوو و سمتی منداڵەکەی توند گرت و دەرزی تێچەقاند ، هاواری منداڵ و چوولەکەی سوودی نەبوو ، دەرزی ڕاکێشرا و خوێن نەهات و دواتر دەرمان کرایە لەشیەوە و بە لۆکەیەکی ئسپرتۆ کراو منداڵ بە زیرە زیر لە ژوو وەدەرکەوت .

ئەمجا نۆرەی تۆیە دەرزی لێبدەیت ، ئەوە بە قسە و کردار فێرم کردیت ، هەوڵبدە و وریابە ، زوو فێر دەبیت بێشکم هەلە ناکەیت .

ناوچەوانەکەم باشی نەهێنا ، ئەگەر چی دەترسام ، بەڵام د .ئاکۆ زۆر پشتگیری کردم ، دەی بڕیار درا دەست بەکار بم و خۆم ئامادە کردووە ، شەرمە فێر نەبم .

هێشتا خەریکی قسە و فێربونی زیاتر سەقاڵی کردبووین .
لە دەرگا درا و د. ئاکۆ فەرمووی لێ کرد .
ژنێکی گەنج هاتە ژوورەوە .
د . دەرزیم هەیە .
د. ئاکۆ وتی ( رووی لە من کرد) ئادەی دکتۆر ئەو دەرزییەی بۆ بکە .
هەم شەرمم دەکرد و هەم بڕوام بە خۆم نەبوو .
ئەی خوایە دوای مناڵیک نەدەکرا چەند پیاوێک بێت بۆ یەکسەر ژنێک هات ؟
کە ئاوڕم دایەوە ئەوەندەی تر تێک چووم .
ژنەی نەگبەت وتی .
دکتۆر ئەمە کەی دکتۆرە ، ئێمە هەر تۆ دەناسین .
د. ئاکۆ زوو وەڵامی دایەوە و وتی ئەمە دکتۆری تازەیە هاتووە ، بۆیە نای ناسن .
ئای کە سەخت بوو .
ژنەی قوربەسەر ، کەوتە کەوانەی دەرزی لێدانەوە ، نەک وەک منداڵکە بەڵکو وەک هەموومان هەر بە پێوە ، بەشێکی چوارینەی سمت بەسەر بۆ دەرزی وەشاندن .
دەرپێ داماڵراو و منیش پێشتر دەرزیم لە سرنجا ئامادەکرد و هەوام لێدەکردبوو .
وەک دەڵێن خوا کردنی د. ئاکۆ لە تەنیشتمەوە بوو .
پێش دەرزی چەقاندن ، دەستم برد بۆ سمتی تا وەک منداڵەکە سازی کەم بۆ دەرزیەکە .
بە توندی درا بە دەستما، کە سەرم هەڵبڕی د. ئاکۆ بە ئیشارەت وتی ، پێویست ناکات ، تێیْ چەقێنە و ڕایکێشە و گەر خوێن نەبوو ، بە هێواشی دەرمانەکەی تێکە .
هەر زوو ئارەقەم دەردا و لەرزەم تێکەوت ، هیوادار بووم یەم ملیم بوایە و زوو تەواو بوایە .
ژنە نەلە لێدان و تەواو بووندا کێشەی نەبوو .
دەست خۆشی لێ کردم و ڕۆشت .
د. ئاکۆ لە من زیاتر ئارەقی کردبۆوە ، هەردوکمان لە کار و کەسایەتی خۆمان دەترساییین کە کارەکە بە هەڵە لێکدانەوەی بۆ بکرێت .
هەردوکمان ئاهی حەسانەوەمان هەڵکێشا ، وتی کوڕی خوا خۆ ئەو مندالْ نییە بۆ خەریک بوو سمتی بگریت ؟
وتم دکتۆر بڕوا بەخۆم ناکەم وام زانی دەرزی لێدان وەک مناڵەکەیە .
دوای چەندین دەرزی و برین پاکردنەوە و پێچان ، دەبوو بچمە لای د. شوان .
ئەو دکتۆرە بەرێزانەی شۆڕش ، یەک بەیەک پیاوی تیکۆشەرو دڵسۆزی مرۆڤایەتی و شۆڕش بوون .
مایەی ڕێز و پێزانیین ، چونکە ئەوان سوێندیان خواردووە کە دڵسۆزی کاریان و خزمەتی نەخۆشیکان و نهێنیەکانیان بن و دوور بن لە دەمارگیری نەتەوایەتی .
وتی بەس گوێبگرە تا شتێک فێر بیت ؟
ئەوە قسەی د .شوان بوو کە ماوەیەکی زۆر ڕۆژانە لەوێ خزمەتی دەکرد .
د. شوان هاوخەباتێکی دێرینم بوو ، کە زۆر پێش ئەو کاتە دەمناسی ، بەڕیزیان کوری لەسەرخۆ و حەزی بە قسەی خۆش بوون ، هاوکات زۆر دڵسۆز بوو و ئارەزووی دەکرد چی لایە بیخاتە خزمەتی شۆڕش ، لەگەڵ هاوکارەکانی خزمەتێکی پڕ شانازیان کرد .
پیاوێکی گوندێکی سنورەکە بە منداڵێکی ساواوە هاتە ژوورەوە هەتا بڵێیت کەسێکی جوان و لەش و لارێکی جوانتر.
منداڵێکی ساوای بە باوەشەوە بوو .
دکتۆر خستیە سەر قەرەوێڵەکەو ، زۆر فەحسی کرد .
کە دانیشتەوە وتی .
چ کارەیت ؟
د. گیان شوانم .
د . وتی / باش گوێ بگرە ئەم منداڵەتان پێویستی بە گرنگی پێدانی زۆر هەیە ، دەبێ ڕۆژانە چارەسەری بۆ کرێت دەنا ڕەوشی خراپتر و لەوانەشە بمرێت .
باوک / بەڵێ دکتۆر گیان ڕاست دەکەیت بەڵام بەخوا کاتمان نییە خەریکی منداڵەکە بیین .
د شوان / چۆن کاتت نییە .
د گیان /خۆم و ژنەکەم خەریکی کارین .
خۆم شوانم و ژنەکەم خەریکی دۆشین و خزمەتی تر و مانگاو مەڕەکانە .
منی گوێگر هەر جارەی ڕوم بەلای یەکێکیاندا دەگەڕا .
د. شوان ئەو چەند تاڵەی قژی چووەبووە ئاسمان، هاواری کرد ئەی بێ ئەقڵ پێم بڵێ ژیانی منداڵەکەت گرنگترە یان هی ئاژەڵێک ، بۆ وا بێقیمەتانە لە خۆتان دەروانن .
تێگەشتم کە هەردوو لایان حەقیانە بە تیگەشتنی جیاوازەوە .
باوک جگە لە خەمی ژیانی خۆیان ، خەمی منداڵیشی هاتبوە سەر ، دیار بوو نەیدەویست کارەکەی لەدەست بدات .
د شوان هێشتا بڕوای نەدەکرد .
وتم / دکتۆر گیان خۆت تورە مەکە ، تێگەشتن و سەختی ژیان وادەکات مرۆڤەکان و بیرکردنەوەیان جوودا بێت .
وتی / ئاخر ژیانی منداڵێکە ؟
وتم دیارە هۆکاری خۆی هەیە .
هەستام و وتم ئیتر نایەم بۆ لات تۆبە .
وتی جا چیت دیوە ... لێرە بیت مێشکت تیا نامێنێت .
دوای چەند جارێک و شتێک فێر بوون ، سندوقێکی فیشەکمان پڕکرد لە دەرمان و دەرزی و لەفاف ، جۆر و شێوەی بەکار هێنانیمان نوسی .
خۆشبەختانە بۆ کارەساتی گەورە بەکارم نەهێنا .
کارمەندانی نەخۆشخانەی شۆڕش ، قارەمانیەتی گەورەیان نواندووە ، هەر لە کۆڵەپشتی ناو چالاکیەکان تا ناو نەخۆشخانەکانی شۆڕش ، کە نەشتەرگەری وا گرنگیان ئەنجام دا کە لەلای ڕژێمیش لەوە باشتر نەدەکرا کە دەیان نموونە هەن .
درود بۆ گیانی شەهیدەکانیان و بەختەوەری بۆ شەهیدە زیندوەکانیان ، ئەوان مایەی ڕێزی زۆرن .
تکایەک /
ناوی هەر بەرێزێک لە کارمەندانی شۆڕش دەزانی بیان نوسە ، وەک وەفایەک بۆ خزمەت و خەباتیان .
وێنەکە .
شەهید هێمن و د. شوان و د. خالید و ئومێد
١٩٨٥ نەخۆشخانەی کانی توو .
خۆم چووم بۆ سەردانیان .

**نەورۆز زرگوێزی**
**٢٠٢٢ هۆڵەندا**



# کەرکوک لە مێژوو سەردەمە جیاوازەکاندا

## شوان خورشید

نوسین و لێکۆلینەوە لەسەر شارێکی وەک کەرکوک، زۆر لەوە زیاتر هەلدەگرێت،کە بمانەوێت لێرەدا باسی بکەین، چونکە شارێکی دێرینی وەک کەرکوک چ لە ڕووی مێژویی و شوێنەواره دێرینیەکانیەوە، چ لە ڕووی ستراتیژی و جوگرافی و جیۆپۆلیتیکی و سامانی سروشتی و بە پیتی زەوی و هەڵکەوتە جیۆپۆلیتیکیەکەوە،وەک و شارێکی گرنگی ناوچەکە ڕۆڵی بینیوە لە ڕوداوە مێژویەکان، بە هۆی بایەخی ئابوری و سەربازی و بەستنەوەی شارو ناوچە جیاجیاکانی دەوروبەری بەیەکەوە، بۆیە هەمیشە وەک مێژووی دورو نزیک دەیگێڕێتەوە کەوا کەرکوک جێگای ململانێی داگیرکەران بووە هەوڵ دراوە کۆنترۆڵ بکرێت لەبەر گرنگی و بایەخی شارەکەو ناوچەکەی دەوروبەری.


گەر لە مێژووی شاری کەرکوک وورد بینەوە وەک مێژوونوسان باسی لێوە دەکەن زۆر ڕای جیاواز هەیە لە سەر دروست بونی، چونکە لە سەردەمێکی ئالۆزو پڕ لە ململانێ دروست کراوە، هەرچەندە بونی قەلاکەی گەواهی ئەوە دەدەن کەوا کەرکوک شارێکی مێژوویی گرنگە لە ناوچەکەو لە سەردەمی خۆی دا و لە سەردەمی گەشەکردنی شارستانیەتی نێوان دوو ڕوبارەکە (میزۆپۆتامیا)دا دروستکراوە، بە نزیکەی سێ هەزار ساڵ پێش زاین مەزەندە دەکرێت، ڕای جیاوازیش لەسەر دروست بونی هەیە هەوڵ ئەدەین قسە لەسەر چەند بۆچونێک بکەین.

وەک مێژوونوس و لێکۆلیاران نوسیویانە کە گۆتیەکان یەکەمین نەتەوەن، بەردی بناغەی شاری کەرکوکیان دانابێت و، سۆمەری و ئەکەدیەکانیش دان بەو ڕاستیەیەدا دەنێن کە پایتەختەکەیان (ئارابخا )بووە، مێژووی دروستکردن و ئاوەدانکردنەوەی شارەکە دەگێڕنەوە بۆ ساڵانی 3500-4500ی پێش زاین،کاتێ گۆتیەکان لە دامێنی پێدەشتەکانی شارەکە قەلایان بنیات ناوە بە ناسنامەی ئارابخا. بۆچونێکی تر هەیە مێژووی دروست بونی کەرکوک بۆ سەردەمی کلدانی و بابلیەکان دەگەڕێنێتەوە، بە ناوی ئارفە یان ئارەفە ناوبراوە.

بڕوایەکی تر باس لەوە دەکات کەیەکەم خشتی بنیاتنانی شارەکەلەلایەن (لۆلۆیەکان)ەوە، بووە دکتۆر کەمال مەزهەر مێژوونوسی بەناوبانگی کورد لەگەڵ ئەم بۆچونە هاوڕایەو، پێی وایە لۆلۆییەکان کەرکوکی کۆنیان دروستکردوە. بۆچونێکی تر پێی وایە کەرکوک لەسەردەمی سۆمەرو ئاشوری و ئەکەدیەکان دروستکراوە.

هەرچەندە تا ئێستا بە شێوەیەکی زانستی پشکنین و لێکۆڵینەوەی وورد لەسەر قەڵای کەرکوک نەکراوە کە کەرکوکی ئێستای لێ کەوتۆتەوە،وەک مێژوونوسەکان دروستبونەکەی بۆ هەزارەی دووەمی پ.ز دەگەڕێننەوە، ئەوەیان سەلماندوە کە قەڵای شاری ئارابخا یان (ئان ئیلانی) شارێکی کۆنەو بە زمانی ئەکەدیەکان ئال ئیلانی گەڕەک یان خوداوەند دەگەیەنێت. هەر لەسەر ئەم رایە (س.ج.گاد) لە گۆڤاری ئاشوریان و زانستی شوێنەواری ڕۆژهەلات، لە1926 ئارابخا شارێکی دێرین و ناوەندی ئاینی و سیاسی ناوچەکە بووەو، بەشاری خواوەندو پایتەخت ناوی دەبات.لەبەر ئەوەی کەرکوک ناوچەیەکی گرنگ و ستراتیژی بوە بەچەندین سەردەم دا تێ پەڕیووە لە هەر سەردەمێکیش دا ناوێکی لێ نراوە، کۆنترین ناوێک لە خەتی بسماری ئەکەدی (2530-2473)دا هاتوە ئارابخا بووە تا حوکمڕانی میدیەکان مابووەوە، بەڵگە مێژوییەکان ئەوەیان سەلماندوە ئارابخا کۆنترین ناوی کەرکوکە کە لە نوسراوێکی مێخی لەبەشی خوارووی قەلاکە لە 1923 دۆزراویەوە کەهی سەردەمی هەزارەی دووەمی پێش زاین بوە. شاکر خصباك پێی وایە کە ئەکەدی و سۆمەریەکان دان بە ناوچەیەکی گۆتیەکان دا دەنێن کە پایتەختەکەی ئارابخایە نزیک کەرکوکی ئەمڕۆ. هەروەها لەسەرچاوەکانی حامورابی دا 1750هاتوە ناوی کەرکوک بە ئارابخا هاتووە بابلیەکانیش بە ئامیخە یان عرفە چواندویانە، کلدانیەکانیش کەرکوکیان بە ئارفە یان ئارەفە ناوبردوە، لەسەرچاوە ئاشوریەکانیش آربخا-کیرخی هاتوە.

کاتی میزۆپۆتامیا لەساڵی 33ی پێش زاین کەوتە دەس ئەسکەندەری مەقدۆنی، دوای مردنی قەڵەمڕەویەکەی دابەش بوو بۆ سەر سێ فەرمانڕەوا بگلیموس،سلۆقس. نیگیفونس، ئارابخا واتا کەرکوک کەوتە ژێر فەرمانڕەوایی سلۆقس و بە کرخ-سلوخ ناسرا وەک لەسەرچاوە ئارامیەکان دا بە کرخ-دبیت سلوخ ناوی هاتوە. هەروەها سلۆقس لەسەرچاوە ئارامیەکانەوە ناوی بە کرخا، دبیت، سلوخ کە یەکێکە لەو فەرمانڕەوایانە لە ساڵانی 175-312پ.ز حوکمی کردوە، لە سەردەمی سلۆقس کالێکۆس ساڵی 226ی پ.ز دەستەواژەی (کرخ سلخ) بە ئارامی( کەرخابت سلوخ) بە مانای شار یان قەڵای سلۆقس هاتوە.



لەسەرچاوە ئیغریقیەکان بە ئارابخویس ناوی هاتوە، سترابۆ لە 19-63ی پ.ز لە نەخشەی یونتیجیربە و جوگرافیای بەتلیموس دا بە (کرخورا) ناوی هاتوە،هەروەها بەتلمۆس گاودی ناوی کەرکوکی بە گورگوڕ هێناوە، جەمال ڕەشید لەگەڵ ئەم بۆچونەدا هاوڕایەو کرکر بۆ شەپۆل و گڕی ئاگرەکە دەگەڕێنێتەوە و پێی وایە بە تێپەڕینی کات گۆڕاوە بۆ بابەگورگوڕ و، شی دەکاتەوە کە گڕ لە زمانی کوردی دا واتا بڵێسەی ئاگرو دوبارە بونەوەی ئەو دەنگە واتە گڕی ئاگرەکە. هەروەها ناوی کەرکوک بە بابەگوڕگوڕیش هاتوە، پێ ئەچێت لە گڕگڕەوە هاتبێت کە شوێنێکی ئاگراویە نزیک بە کەرکوک.

هەندێ مێژوونوسیش کەرکوک یان ئارابخا بە (منس) ناو دەبەن ئاماژەیە بۆ تێپەڕبونی ئەسکەندەری مەقدۆنی پێی دا، مێژوونوسی ڕۆمانیش بە کارک ناوی بردوە، هەروەها کارشا کە لە کارخاوە هاتوە باسی کردوە،ساسانیەکان بە کەرکین و کۆرەک واتا گوندە سورکراوەکەی میدیەکان ناویان هێناوە، ئیسلامەکان بە الکرخینی ولە سەدەی حەوتەمی کۆچی بە الکرخان یان الکرخینی ناوی هێنراوە.

لە ئەنجامی ئەم ڕاو شیکردنەوانەدا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێت کە بەتێپەڕبونی مێژووی سەردەمەکان ناوی کەرکوک چەندین گۆڕانکاری بەسەردا هاتوە لە شێوەی( کەرخو، کرکی،کرخا،،کەرەک،کەرخ،کەرخی،کەرخ سلوخ،کر،گرگر، کەرخینی،کەرخی، ئەربەخ، ئەرەنجا، عەرەفە،کەرخورا، کۆرکورا،کەرکینی، ئەرغبویس، و زۆری تریش)، بەڵام دەبێت ئەوە بزانین کە کۆنترین ناوی کەرکوک ئارابخا یان کارکۆک بوە واتا کاری کۆک، یان کاری گەورە دەگەیەنێت کە لە دروستکردنی قەڵای ئەو شارەدا هێزی مرۆی تێ دا بەکار هاتوە چونکە مانای کارکۆک واتای کاری تەواو یان کاری قورس و ئەستەم، یان ئیشی ڕێک و پێک دێت،کاری تەواو یان کاری ڕێک و پێکیش لە دروستکردنی قەڵاکەی دەردەکەوێت چونکە دروستکردنی قەڵایەکی ڕوبەر فراوان و گەورەی وەک قەڵای کەرکوک کە تاکە سەرچاوەو میکانزمی دروستکردنی هێزی مرۆی بوە و هیچی تر، بەڵام بە پێی فەرمانڕەوایی هەر گەل و نەتەوەیەک و زمان و شێوەزار ناوەکە گۆڕانی بەسەردا هاتوە تا گەیشتوە بە کەرکوکی ئێستا، تەنانەت ڕژێمی بەعسیش بەبازدان بەسەر هەموو ئەو ناوە مێژویانەدا، ناوی پارێزگاکە لە کەرکوکەوە، دەگۆڕێت بۆ التامیم وەک هەنگاوێک بۆ تەعریب کردن و سڕینەوەی کوردستانیەتی کەرکوک، لەسەروبەندی خۆماڵی کردنی نەوتی کەرکوک،کەواتە کەرکوک لە مێژوی دورو نزیکی دا گۆڕانکاری زۆر لە باری دیموگرافی و کارگێڕی دا کراوە،تا بە ئەمڕۆ گەیشتوە.



# چراکانی نیشتمان ڕوناکی هەمزە و باڵای خوێنی شەهید

## سەرکەوتی جیهاز

ناسنامەی گەلان بریتیە لە مێژویان ، مێژوی هەر نەتەوە و میللەتێک بریتیە لە قوربانی دانی ئەو نەتەوەیە لەسەر ئاستەکانی شوناس و بەرگریکردن لە داگیرکاری ، ئەمەش وەک مێژو بریتیە لە خوێن لەسەر لاپەڕەکانی ، کورد وەک نەتەوە کە مێژوی پرە لە داگیرکاری وڵاتانی زلهێز و فراوانخوازی نەتەوە سەردەستەکان ، لە بەرامبەر ئەمەدا گیانی بەرگری و خوێندان بۆ مانەوەی شوناس پرە لە شەهیدانێک کە لە ڕۆژگارێکی سەختدا بەرگریان لە بونی نەتەوەیەک کردوە.

لە ناو ئەم ڕوبارە خوێنەدا ، لە ناو ئەم کاروانی شەهیدانەدا ، لە ناو ئەم ئەستێرەی ئاسمانی شەهیدانەدا ، لە پەنای سەدان شەهیدی قارەماندا ، ئەستیرەیەکی گەشاوە هەیە ، چرایەک هەیە کە جوگرافیایەکی ئەم نیشتمانەی ڕوناک کردوەتەوە ، ئەویش شەهید هەمزەیە ، کە یەکێک بوە لەو شەهیدانەی بە باوەڕبون بە بەرگری لە ناسنامەی میللەتەکەی تا ئاستی قوربانیدان بە خۆی خەباتی کردوە ، لە هەر شوێنکی ناوچەی سەنگاوەوە بڕوانی خوێنی ئەم شەهیدە بونی هەیە ، لەسەر هەر بستە خاکێکی چیرۆکێکی نەبەردانە هەیە بۆ بونی نەتەوەیەک و بەگژاچونەوەی داگیرکەران .

شەهید هەمزە وەک سمبولی قارەمانیەتی وەک هەڵهاتنی خۆرێک لە ناوچەی سەنگاو و گەرمیان ، وەک لاپەڕەیەکی گەشی مێژوی خوێن دەبینرێ ، شەهید هەمزە بە خوێنی خۆی ناسنامەی نەتەوەیەک دەنوسێتەوە ، شەهید هەمزە وەک سمبولی شەهیدان لە پەنای کۆمەڵە ئەستێرەیەکی گەشی تردا دەبێتە درەوشاوەترین ئەستێرەی ئاسمانی مێژوی نەتەوەیەک .

شەهیدان لەسەروی حیزب وناوچەوەن دەچنە خانەی پیرۆزی و ناسنامە ، شەهید هەمزە وەک بەشێک لە مێژو ، وەک بەشێک لە یادەوەری هاوڕێکانی وەک شانازی بنەماڵەیەک ، وەک چرای گەشاوەی سەنگاو و گەرمیان لە یادەوەریماندا زیندوە و لە پەنای هەزاران شەهیدی گشتی و سەدان شەهیدی ناوچەی گەرمیان و سەنگاو بۆ میژو نەوە دوای نەوە دەبێتە جێی شانازی و بۆ ئێمەش سەروەریەکی گەورە .




# مام جەلال بۆ،، سەید جەوهەر جەوهەرێک بو بۆکەرکوک .. کێ کەرکوکی ڕزگارکرد لەساڵی ١٩٩١

ئێمە ئەو هێزە بووین بۆ مردن ڕۆشتینە ناو کەرکوکەوە. شەوی 18 لەسەر 19 ی مانگی 3 ساڵی 1991 ئێمە ڕۆشتینە ناو کەرکوکەوە بە هێزێکی کەمەوە. هەڵبەت لەگەڵ هەندێک کەس چاوپێکەوتن دەکرێن کە کەس نازانێ ئەو شەوە لە کوێ بونە کە ئێمە چوینە ناو کەرکوکەوە. ئەو کەسانە کە باسی گرتنەوەی کەرکوک دەکەن لە ڕوویان نایەت بێژن هێزێکی کەم پێش ئێمە چوە ناو کەرکوکەوە. لە 15 ی مانگ بە ڕێ کەوتین بەرەو کەرکوک. لە قەرەهەنجیر دەرچوین و نۆ کۆپتەری جەنگی ئاسمانیان لێمان گرتبووین و چەندین جار دایان لە هێزەکەمان. بۆ شەو نێزیکی کەرکوک بوینەوە و چەندین جار کەوتینە کەمینەوە و، جادەی لەیلانیشمان بڕی و گەشتینە نێزیک قادسیە، بەڵام لەوێ کەوتینە کەمینێکی گەورەوە و، لەوێدا شکاین و گەڕاینەوە. ئەو شەوە نەمانتوانی کەرکوک ڕزگار بکەین. شەوی 18 لەسەر 19 ی مانگی 3 ی 1991 بۆ جاری دووەم خۆمان ڕێکخستەوە بۆ ڕزگارکردنی کەرکوک. بە هەمان شێوەی جاری یەکەم کۆپتەرەکان تۆپبارانیان کردین تا نێزیک خۆرئاوا. شەویش کەوتینە کەمینێکەوە، سەرکەوتوانە ئەو کەمینەشمان شکاند. هێزەکەمان برێکی لەوێدا پاشەکشەی کرد. کەمینێکی دیشمان بۆ دانرا بوو و ئەویشمان شکاند. بەداخەوە لە هەر کەمینێک تێدەپەڕین هێزەکەمان زیاتر کەمی دەکرد. من و کاک بەرزان و کاک محەمەد چەوری و کاک هەژار و کاک شێرە سەرسپی لەگەڵ کاک جەوهەر بوین و بە بەردەوامی پێش و دوای هێزەکەمان دەکرد تاوەکو هێزەکە بە سەلامەتی بگاتە کەرکوک. گەشتینە نێزیک قادسیە و لەوێدا توشی گەورەترین کەمین بوینەوە. لە ئەو کەمینە دا هێزەکەی سەید جەوهەر، عەلی تەپەلو، مامۆستا تاڵیب، ڕەشید مۆفەری و گزە بووین. سەید جەوهەر بە گزەی وت : برۆ بە ئەوانی دی بڵێ کە داخلی ناو کەرکوک بوینە. پێش ئەوەی هێزەکە بگاتە لامان شەڕێکی زۆر قورسمان کرد لەگەڵ ئەو هێزەی کە کەمینەکەیان بۆ دانا بووین. ئەو کەمینەشمان شکاند و کاک جەوهەر وتی: خێرا خۆتان بگەیەنن بە ماڵەکان. بە ڕاکردن چوین بۆ ناو ماڵەکان و لەوێشدا توشی کەمینێکی دیکە بوین کە زۆربەمانی لێک دابڕان. ئێمە لە کۆڵانێکدا شەڕمان دەکرد و سەید جەوهەریش لە کۆڵانێکی دیکەدا. بە هەر حاڵێک بوو گەشتینە ناو شۆرجە؛ خۆر زەردەی نەدابوو کۆپتەر هەڵسا بۆ بان کەرکوک. ئێوارەکەی کەوتینە کەمینێکی دیکەوە، خۆشبەختانە ئەویشمان شکاند. بۆ بەیانیەکەی لە شۆرجە گەشتمەوە بە سەید جەوهەر و کاک بەرزان. من و کاک بەرزان بە خێرایی ڕۆشتین بۆ مەرکەز ( پیریادی)، خەڵکێکی زۆری لێ بوو. خەڵکێکی زۆرمان لەگەڵ بوو کە هەمویان بێ چەک بوون جگە لە من و کاک بەرزان، بەڵام ئەو خەڵکە هێندە داخ لە دڵ بوون بە بەرد هێرشیان کردە سەر بەعسیەکان. من و کاک بەرزان چوینە نێو حەوشەی مەرکەزەکەوە و بە ڕومانە و دەسرێژ دایانگرتینەوە و کەوتین لەسەر زەویەکە. نێو حەوشەی مەرکەز ببوە یەک چەقە دوکەڵێ هەر باس ناکرێت. پاش کەمێک هەستامەوە و بانگی کاک بەرزانم کرد، کەچی دەنگی نەبوو. دوای کەمێک دیتم کاک بەرزان لەسەر زەویەکە کەوتوە و خەڵتانی خوێن بوە، بە خێرایی خۆم گەیاندە سەری و دیتم شەهید بوە. زۆر داوای هاوکاریم کرد، بەڵام کەس نەهاتە دەممەوە. بە تەنها و بە زەحمەتێکی زۆرەوە لە مەرکەزەکە دەرمکرد. لەو کاتەدا کۆمەڵێک گەنج هاتنە یارمەتیم و دوورمان خستەوە لەو ناوە. کاک بەرزان، یاسینە بچکۆل، عەلی تەپەلو، کاک هەژار و چەندین پێشمەرگەی دیکە لەوشەو ڕۆژەداشەهید بوون. من و مامۆستا تاڵیب و مەلا حەسەن و مام برایم فەرتەنە چوین بۆ شوقەکان. چەند دەبابەیەک بەرانبەرمان بوو و دەیدا لە هەر ماڵێک بێ یەک و دوو وێرانی دەکرد. گەشتە نزیک کاتژمێر سێ و تەقەمەنیمان تەواو کەمی کردبوو، بۆیە گەڕاینەوە بۆ لای هێزەکەمان و دیتمان فرە هیلاکن و تەنها چەند ماڵێک مابوو بە دەستمانەوە. لەوێدا کاک جەوهەر بە شێخ کەریمی وت : من لەگەڵ چەند پێشمەرگەیەکدا دەڕۆم و پشتی شۆرجە پاک دەکەمەوە و گەر هێزمان پێ نەگەیەت ئەوا دەردەچین. کاک جەوهەر وتی : کێ لەگەڵم دێت؟ من و محەمەد چەوری و هەژار کەرکوکی و ڕەشید مۆفەری و شێرزاد سەرسپی و نزیک پێنج کەسی دیکە وتمان دێین. لەگەڵی ڕۆشتین و پشتی شۆرجەمان پاک کردەوە و ئاگری نەورۆزمان کردەوە، تا ئەمەمان کرد هێزەکانی چەمچەماڵ گەیشتن بە ناو کەرکوک. ئەو پێشمەرگانەی بەشداربوون لە ڕزگارکردنی کەرکوک ئەمانە بوون؛

1- شەهید سەید جەوهەر
2- شەهید سەید بابا
3- شەهید بەرزان
4- شەهید هەژار
5- شەهیدفرهادحمەغریب
6- شەهید عەلی تەپەلو
7- شەهید یاسینە بچکۆل
8- شەهید شێرزاد سەرسپی
9- هەژارحمەساڵح هەژارکەرکوکی
10-محەمەد چەوری
11- کاوە تاڵاوی
12- جەلال قولیجانی
13- مەلا حەسەن
14- نورەدین دوزی
15- مەردان چاوشین
16- سەمەد کەرکووکی
17- برایم فەرتەنە
18- مەسعود قۆچەلی
19- شێخ کەریم
20- ڕەشید مۆفەری
21- ڕەشید هەرێنە
22- مامۆستا تاڵیب
23- مەلا ئەمین
24- ڕزگار حاجی کایل
25- مەلا ئەحمەد.....
26- داوای لێبوردن لە هەموو ئەو پێشمەرگە قارەمانانە دەکەم کە نێویانم لە بیر چوە.

بەیانی ڕۆژی 25ی 3ی 1991 ناو کەرکوک تۆپباران کرا. کاتژمێر 10 ی بەیانی دوو کۆپتەری جەنگی و دوو تەیارەی سیخۆ بە سەر شاری کەرکوک دا سوڕیان دەخوارد. ئێمەش بە کۆمەڵ لە بەردەم بارەگای خۆمان وەستا بووین و سەیری فڕۆکەکانمان دەکرد، چوزانین لە کەرکوکی گەورەدا ساروخی مەرگ بۆ ئێمە دەهاوێژن. چەند ناپاڵمێکیان خستە خوارە بۆ ئامێزی ئێمە، لەوێدا یازدە پێشمەرگە و خۆوڵاتی خەڵتانی خوێن بوون و گیانی پاکیان بەرەو ئەو دنیا برا و، زیاتر لە چل کەسمان ڕەوانەی نەخۆشخانە کرد.



* ناوی پێشمەرگەکانی وێنەی یەکەم : لای ڕاستەوە : جەلال قولیجانی، شەهید سەید بابا، شەهید حمەئاغە، شەهید بەرزان، هەژار کەرکوکی و شەهید سەید جەوهەر.

#جەلال_قولیجانی.



# ناساندنی مێژوویی بۆ 100 کەسایەتی و 100 خانەوادەی خاوەن مێژوو و دیاری شاری سلێمانی (قۆناغ و پڕۆژەی دوهەم)

بینەری ئەم بەرنامەیە بن کەرێکخراوی خانەوادە دێرینەکانی شاری سلێمانی ئامادەی کردبوو بۆ یادی 238 ساڵەی شاری سلێمانی
سوپاسی میوانە ئازیزەکان دەکەم کەقسەیان لەسەر مێژوو کارەکانی پەیوەست بەشاری سلێمانی کرد
لێرەوە ڕای دەگەیەنم ئامادەکاری بۆ پڕۆژەی سێهەم دەکەم کەئەم جارە پڕۆژەکە گەورەتر بێت ئێمەش زیاتر خەمی دەخۆین و ئامادەکاری بۆ دەکەین
وێنەو زانیاری مێژووی بنێرن تاوەکو بەشدار بن ڕەچاوی کوالیتی وێنەکان بن یاخود خۆم هاوکارانی ئامادەکار دێینە لاتان وێنەکان سکان دەکەین لەماڵی خۆتان و ئامادەکاریمان بۆ ئەو کارە کردووە
براتان
ئامانج مەسرەف
سەرۆکی ڕێکخراوی خانەوادە دێرینەکانی شاری سلێمانی بۆ پاراستنی کلتور مێژوو گەشەی کۆمەڵایەتی
ژمارەو ئەدرەسی دەستەی خۆبەخش و خەمخۆر و ئامادەکاری و بەڕێوەبردن
وات ساپ و ڤایبەر بۆ وەرگرتنی وێنەو سکان کردنی
زۆنی سلێمانی
١- ئامانج مەسرەف 07707226363
٢- پارێزەر چێنەر شەرعی 07701524562
٣-پارێزەر سروشت شیروان ئاغا
1660 153 0770
زۆنی هەولێر
١- ئەندازیار ئومێد ئەحمەد قەتارچی 07701527246
وڵاتی سوید
١- توێژەری کۆمەڵایەتی کرمانج مامۆستا عومەر
56 35 72-842 46 00
زۆنی بەریتانیا
١- کاک محمد بەهزاد صائب
488743 7791 44 00
زۆنی هۆڵەندا
١- کاک هێمن مامەلی
74 65 90 53 6 31+








## YADNAMEیادنامە

بڵاوکراوەیەکی گشتی ئەلکترۆنییە، مانگی جارێ بە کۆمەڵێ یاداشت و بیرەوەری و بابەتی جۆراوجۆری مێژویی و ئەدەبییەوە بە شێوەی ئەلکترۆنی لە ماڵپەڕە کوردییەکان بڵاو ئەکرێتەوە و سەرجەم کارەکانیشی لەلایەن: "سەرکەوت محەمەد فەتاح (سەرکەوتی جیهاز) بەهاوکاری بەختیار شارەزووری لە هۆڵەندا سەرپەرشتی ئەکرێ.



Email :sarkawt_47@hotmail.com

Viber& WhatsApp: +31615852703